# وەرگێڕان
# کردەیەك زیاتر لە گۆڕینی وشە

٣ وتار دەربارەی وەرگێڕان



- یوجین نیدا
- ئۆکتاڤیۆپاز
- واڵتەر بینیامین

ساڤان ئاکۆ و پێشڕەو محەمەد
کردویانە بە کوردی

«وەرگێڕان زۆر ئاڵۆزە، بەقەد نووسینی دەقی ڕەسەن قورسە؛ بەڵام ئەستەم نییە.»

ئۆکتاڤیۆپاز



didimn
DiDiMn.com

KAM | AKO | METROGRAPHY

# وەرگێڕان
# کردەیەک زیاتر لە گۆڕینی وشە

یوجین نیدا، ئۆکتاڤیۆ پاز، واڵتەر بنیامین


## وەرگێڕان
## کردەیەک زیاتر لە گۆڕینی وشە



**ساڤان ئاکۆ و پێشڕەو محەمەد**
**کردوویانە بە کوردی**

- بەرگ: ئارام لوقمان
- نەخشەسازیی ناوەوە: ئاوات کەریم مستەفا
- ئیلوستریشن: سابات عەباس
- ڕێنووس و هەڵەچنی: دیدی من
- چاپ: یەکەم، ٢٠١٨
- چاپخانە: چاپەمەنیی ئاکۆ
- تیراژ: ٣٠٠
- بڵاوکار: ماڵپەری کلتووریی دیدی من



مافی لەبەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەی بە هەموو شێوەیەک پارێزراوە بۆ
ماڵپەری کلتووریی دیدی من©

Www.didimn.com

# وەرگێڕان
# کردەیەک زیاتر لە گۆڕینی وشە

ساڤان ئاکۆ و پێشڕەو محەمەد
لە ئینگلیزییەوە کردوویانە بە کوردی

سلێمانی
٢٠١٨

# پێشەکی

سەرەتا پێویستە لەبارەی خودی وەرگێرانەوە بنووسین: دەتوانین کردەی وەرگێڕان بە ململانێ پێناسە بکەین، بەو پێیەی کە وەرگێڕ دێت و دەقێک بە گشت تایبەتمەندییەکانی زمانێکەوە کە بریتییە لە ڕیتم و شێواز و کارەکتەری تایبەت بە خۆی، دەهێنێت و دەیگۆڕێتە سەر زمانی دووەم، کە بە هەمان شێوەی زمانی یەکەم لە ڕیتم و شێواز و کاراکتەری تایبەت بە خۆی پێک هاتووە. لێرەدا وەرگێڕ بەرپرسیارە بەرامبەر بە پاراستنی ڕۆحیەتی دەقی سەرەکی و بەرجەستەکردنەوەی لە زمانی وەرگردا، کە خودی ئەمەشە وا دەکات وەرگێڕان ململانێ بێت. پرسیاری "ئایا وەرگێران چییە؟" ڕاستەوخۆ گرێدراوە بە پرسیاری "بۆچی وەرگێڕان گرنگە؟" بۆ وەڵامدانەوەی

ئەم پرسیارانە، پێناسەیەکی ئیدیت گرۆسمان کە لە پێشەکیی کتێبەکەیدا نووسیویەتی، دەهێنینەوە: "وەرگێڕان توانای گەڕان و ئاشنابوونی ئێمە فراوان دەکات لە ڕێگەی ناسینی بیر و هەستی خەڵکانی کۆمەڵگەیەکی دیکە لە سەردەم و کاتێکی دیکەدا." بەو پێیەی وەرگێڕان کردەیەکی جیهانییە، دەتوانین لە چوارچێوەیەکی گشتیدا لەسەر ئەم پێناسەیە بدوێین. ئەوەی وای کردووە هەر نەتەوەیەک ئاشنای کلتوور و سیاسەت و ئابووریی ئەوانی تر ببێت و لە وڵاتانی دیکەوە ئەزموون وەربگرێت، پەیوەندیبەستن و لێکتێگەیشتنی وڵات و زمانە جیاوازەکان بووە لەگەڵ یەکتردا، کە ئەویش بێگومان لە ڕێگەی وەرگێڕانەوەیە.

وەرگێڕان یەکێکە لەو بوارانەی ماڵپەری کلتووریی دیدی من ورد و بە فراوانی تیشکی دەخاتە سەر و هەوڵ دەدات ئەرشیفی کوردی بە بابەتە وەرگێڕراوەکان دەوڵەمەند بکات، جا لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانیی سادەوە تا دەگاتە وتارێکی فیکریی درێژ؛ چونکە پێمان وایە لەپێناو بونیادنانی کایەیەکی فەرهەنگیی تۆکمەدا، پێویستە ئەرشیفێکی دەوڵەمەندی ئەو دەقانەمان هەبێت کە لە زمانەکانی چواردەورمانەوە دەنووسرێن و کاریگەرییان بەسەر تەواوی دنیا بە گشتی و خۆمان بە تایبەتی هەیە.


دیدی من لە پاڵ کارکردنی ڕۆژنامەوانییدا، ساڵانە و بەپێی توانا، چالاکیی کلتووری بە هاوکاریی ئەو توێژەر

و شـــارەزایانەی لە بـواریکی دیـاریکراودا ئەزموونیـان هەیە، ڕێک دەخات و لە ڕێگەی ئامرازە جیاوازەکانەوە، هەوڵ دەدات لایەنێکی کـایەی کلتـووری بوروژێنێـت و گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوەی لەسەر دروست بکات. چالاکیی ئەمساڵی ماڵپەرەکە ڕێکخستنی پانێڵێکە بە بۆنەی ڕۆژی جیهـانیی وەرگێـڕانەوە، لەژێـر ناونیشـانی "وەرگێـڕان، کردەیەک زیاتر لە گۆڕینی وشـە". ئەم پانێڵە کردنەوەی دەرگایەکە بۆ ورووژاندنی ئەو پرسانەی پەیوەندیدارن بە وەرگێـــڕانەوە، لە ڕێـــی بانگهێشـــتکردنی چەنـــد کەســایەتییەکی نــاوخۆیی و بیـانی بـۆ پێشکەشـکردنی چەند بابەتێک سەبارەت بە ئەزموون و کاری خۆیان لە دنیــــای وەرگێڕانــــدا. لەگەڵ پـــــانێلەکەدا، چەنـــــد کورتەڤیـدیۆیەک ئامـادە کـراون و لە مـاڵپەر دانـراون، تێیاندا کۆمەڵێک کەسایەتیی باشووری کوردستان کە لە ژانرە جیاجیاکاندا وەرگێڕان دەکەن، بۆچوونی خۆیان دەربــارەی کارەکەیــان و دنیــاکەی، دەخەنە ڕوو. ئەمە لەگەڵ وەرگێـــڕان و بڵاوکـــردنەوەی چەنـــدین بـــابەت دەربـارەی وەرگێـڕان. هـاوڕێ لەگەڵ پـانێلەکەدا، دیـدی مـن یەکەمـین نـامیلکەی خـۆی سـەبارەت بە وەرگێـڕان چـاپ و بـڵاو دەکـاتەوە، کە پێـک دێـت لە سـێ وتـاری گرنگ لەبارەی وەرگێڕانەوە و ئەمەی بەردەستتە.

ڕەنـــگە بە جۆرێـــک لە جۆرەکـــان پەیوەنـــدییەکی یەکانگیر لە نێوان وتارەکاندا نەبێت، بەوەی هەریەکەیان تیشـــک بـــخەنە ســـەر لایەنێکـــی جیـــاواز و تـــایبەتی

وەرگێـــڕان، وەک ئەوەی یەکێکیـــان ســـەرنجی لەســـەر وەرگێڕانـی شـیعرە، دانەیەکیـان بـابەتی زمـانی دووەم و سـێیەم و چەنـدەمی بۆ گـرنگە، ئەوی تریـان ئەرکەکـانی وەرگێـــڕ شـــرۆڤە دەکـــات، نووســـەرێکیان ئەڵمـــانییە، یەکێکیـــان مەکســـیکی و ئەوی تریـــان ئەمەریکـــی و زۆر شـتی دیـکەی جیـاواز لە یەکتـر؛ بەڵام دواجـار بنەڕەتـی هەرسـێکیان یەک پـایەیە: وەرگێڕان، کـردەیەکە زیـاتر لە گـۆڕینی وشـە و زۆر لەوە قـووڵتر و وردتـرە کە پێمـان وابێت تەنها لەجێدانانی ڕستەکانە، بەڵکو پرۆسێسـێکی ئـاڵۆزە و پێویسـتە وەرگێڕ لە وردەکارییەکـانی بگـات و لەگەڵ هەموو ئەو پێشـهات و ئەگەرانەی لە مـامەڵەکرنی لەگەڵ دەقێکـی بیانیـدا دێـنە بەردەمـی، دەسـتوپەنجەی نەرم بێـت و بە هۆشـیارییەوە مـامەڵە بکـات. هەر بـۆیە هەریەکێکیـــان گرنگییەکـــی تـــایبەت بە خـــۆی هەیە و بێگومـان پـێکەوە دەتـوانن سـێیینەیەکی بـاش بـن بـۆ بەرەوپێشبردنی کایەکە؛ کە بە هیواین وا بکەویتەوە.

**ماڵپەری کلتووریی دیدی من**
**پایزی ٢٠١٨**



# تیۆرییەکانی وەرگێڕان

یوجین نیدا

لە ئینگلیزییەوە: ساڤان ئاکۆ

گفتوگۆکردن لەبارەی تیۆرییەکانی وەرگێڕانەوە، زۆر جار خۆی لە لێکۆڵینەوەی نێوان دوو بابەتدا دەبینێتەوە، ئەویش دەقی ئەدەبی و نائەدەبی، شیعر و پەخشان، یاخود لە نێوان گوتاری تەکنیکی لەسەر فیزیا و ڕیکلامی دووبارەوەبووی هەموو ڕۆژێکن. بەڵام بۆ ئەوەی لە سروشتی وەرگێڕان تێبگەین، نابێت تیشک لەسەر جۆرە جیاوازەکانی گوتار بێت، بەڵکو دەبێت لەسەر ئەو پرۆسانە بێت کە لە هەر پەیوەندییەکی نێوان دوو زماندا هەن. بۆیە هەرچۆنێک بێت، نابێت تیۆریی پەیوەندیی نێوان دوو زمان بە گفتوگۆکردن لە نێوان وەرگێڕان و شرۆڤەکردندا سنووردار بکرێت، لە کاتێکدا کە شرۆڤەکردن جیاوازە لە وەرگێڕان لەبەر پەستانی کات و تەنگژەی شوێن و کات.

هەندێک لە وەرگێڕە شارەزاکان بە شانازییەوە ئەوە ڕەت دەکەنەوە کە هیچ تیۆرییەکی وەرگێڕان پەیڕەو بکەن و گوایە تەنها بە سادەیی وەرگێڕان دەکەن. لە واقیعدا، هەر کەسێک پەیوەندیدار بێت بە ئەرکی ئاڵۆزی وەرگێڕانەوە ئەوا جۆرێک تیۆریی شاراوە یاخود نادیار هەیە کە پەیڕەوی دەکات، تەنانەت ئەگەر تیۆرییەکی ساواش بێت و تەنها لەژێر ناوی "وەفاداری بەرامبەر بەوەی نووسەر دەیەوێت بیڵێت" بێت، واتە ئەگەر بێتو تەنها پابەندبوونیشیان بێت بە دەقی سەرەکییەوە لەپێناو پاراستنی دەقی نووسەرەکە.

لەجیاتیی نەبوونی هیچ تیۆرییەکی وەرگێڕان، بگرە چەندین جۆری تیۆری هەیە، هەرچەندە بە دەگمەنیش وەک تیۆریی چەسپاو دانیان پێدا نراوە سەبارەت بەوەی چۆن و کەی و چۆن وەرگێڕان بکەین. یەکێک لەو هۆکارانەی وای کردووە بەو ڕادەیە تێڕوانینی جیاوازمان هەبێت لەسەر وەرگێڕان، ئەوەیە کە پەیوەندیی نێوان دوو زمانی جیاواز لە کازیوەی مێژووی مرۆڤەوە هەبووە. لە زووەوە، لە هەزار ساڵ پێش ئێستاوە لە میزۆپۆتامیا بۆ بەکارهێنانەکانی وەرگێڕەکان لیستی وشەی زمانی جیاواز ئامادە دەکرا و ئەمڕۆش وەرگێڕان و شرۆڤەکردن بۆ زیاد لە هەزار زمان بەردەستە؛ لە ڕاستیدا چەند زمان لە دنیادا هەبێت، ئەوەندە وەرگێڕانیش هەیە.

یەکێک لە لێکدژییەکانی پەیوەندیی نێوان دوو زمان ئەوەیە، کە هەردوو زمانەکە بە شێوەی تایبەتیی خۆیان ئاڵۆزیی خۆیان هەیە، هەروەک ڕیچارد دەڵێت، "ئاڵۆزترین جۆری ڕووداوە کە لە پەرەسەندنی گەردووندا بەرهەم هاتبێت" و لە هەمان کاتیشدا سروشتیترینە. شرۆڤەکردن زۆر جار لە لایەن منداڵانەوە ئەنجام دەدرێت و دەرئەنجامی سەرسامکەری هەیە، بە تایبەت پێش ئەوەی خرابێتنە خوێندنگە و شتێک لەبارەی ناو و کردار و ئاوەڵناوەوە بزانن.

یەکێک لە هۆکاری هەمەجۆری تیۆریی وەرگێڕان، ئەوەیە کە پرۆسەی وەرگێڕان دەکرێت لە چەندین دیدی جیاوازەوە ببینرێت: لە ڕووی شێوازەوە، لە ڕووی نیازی نووسەرەوە، لە ڕووی فرەیی زمانەوە، لە ڕووی جیاوازیی کلتوورییەوە، لە ڕووی کێشەکانی پەیوەندیی تاکەکەسییەوە، لە ڕووی گۆڕان لە فاشیۆنی ئەدەبییەوە و لە ڕووی ئەو دۆخانەی تێیدا وەرگێڕان بە کار دەهێنرێن. بۆ نموونە لە بێدەنگیی هۆدەی ماڵەکەتدا بخوێنەرەوە، جیاوازە وەک ئەوەی لەسەر تەختەی شانۆ نمایش بکەیت، یاخود لە ژاوەژاوی دەنگێکی بەرزدا بخوێنیتەوە.

تیۆرییە بەرفراوانەکان و فرەجۆرییەکانی کێشەی وەرگێڕان لە لایەن چەندین کەسەوە کە پراکتیز و تیۆریی وەرگێڕانیان بۆ گرنگە، خوێندنەوەی بۆ کراوە،

بۆ نموونە لە لایەن گوینتەر (١٩٦٣) و ڤازکویز ئایۆرا (١٩٧٧) و ویلسەوە (١٩٨٨).

تیۆری دەبێت کۆمەڵە دەربڕینێکی یەکگرتوو و ڕێکخراو بێت و وەک بنەما لەپێناو شیکردنەوەی چەند دیاردەیەکدا بە کار بهێنرێت. بەڵام تیۆرییەکی بڕواپێکراو و جێمتمانە لەسەر وەرگێڕان، دەبێت لە لیستێک یاسا کە بە سەری پەنجە دەژمێررێن، زیاتر بێت؛ لە ڕێگەیەوە وەرگێڕەکان بە گشتی دەتوانن دەقێکی پوخت و لەبار لە دەقی سەرەکییەوە بەرهەم بهێنن. تیۆرییەکی قایلکەر دەبێت یارمەتیدەر بێت لە دەستنیشانکردنی ئەو بەشانەی هێشتا نەناسراون، هەروەک کونە ڕەشەکانی ئەستێرەناسی. تیۆری دەبێت پێوەرێکی چاوەڕوانکراو دابین بکات سەبارەت بە ئاستی سەرکەوتنی چاوەڕوانکراو لە بەکارهێنانی بنەماگەلێکی دیاریکراودا، ئەویش بە پێدانی ئەو پێشبینییە دیاریکراوەی بینەر، سروشتی ناوەڕۆکەکە، چەندێتیی ئەو زانیارییانەی جۆری گوتارەکە هەڵی دەگرێت و دۆخی بەکارهێنانەکە.

جگە لە ژمارەی مامەڵەکردن لەگەڵ بنەما سەرەتاییەکان و پرۆسەی وەرگێڕان، هیچ تیۆرییەکی سەلمێنراوی تێروپڕ تا ئێستا بوونی نییە. لە ڕاستیدا، نائاسییە ئەگەر بێتو باس لە "تیۆرییەکانی وەرگێڕان" بکەیت، لە کاتێکدا هەموو ئەو کارانەی بەم شێوەیە تا

ئێستا کراون، زنجیرەی چەند دیدێکی دووربینی گرنگن لەسەر ئەم پرۆژە ئاڵۆزە.

هۆکــاری ســـەرەکیی کەموکـــوورِیی ئەم تیـــۆرییە ئەوەیە، کە وەرگێـــڕان لە جەوهەردا تەکنەلۆژیـــایەکە کە پشـــتی بە چەنـــد پابەنـــدبوونیک بەســـتووە. ئەوانـــیش زمانناســـی، زانســـتی مرۆڤناســـی، زانســـتی دەروونـــی، تیۆریی پەیوەندی و زانستی دەمارەکانن. بە گشتی بە ڕادەیەکـــی کەم ئاگـــاداری ئەوەیـــن کە چـــی وا لە وەرگێڕەکان دەکات هـان بدرێن، بەڵام دەبێت بەردەوام لە هانداندا بن و بەرەو زیادبوونیش بچن؛ لە جیهانێکدا کە بە ڕووی فرەزمانیدا کورت بووەتەوە.

لەجیاتیی ئەوەی لەبارەی تیۆرییەکانی وەرگێرانەوە قســە بکەیـن، ڕەنـگە باشـتر بێـت زیـاتر لەســەر ڕێگـا هەمەچەشنەکانی گەیشتن بە ئەرکی وەرگێڕان بدوێین، ڕێکخســـتنی جیـاواز کە دیـدی جیـاواز دابـین دەکەن، هەروەهـا ڕێگـای جیـاوازی قســەکردن لەســەر ئەوەی چۆن پەیامێک لە زمـانێکەوە بگـوازرێتەوە بـۆ زمـانێکی تر. ئەو ڕێگا جیاوازانەی تێیدا خەڵک ئەرکی پەیوەندیی نێوان دوو زمـان دەگرنە ئەستۆ، ڕەنگە باشتر بێت لە چەنــد دیــدێکی جیــاوازەوە ڕوون بکــرێتەوە: ١) دەقە ســـەرەکییەکە، بە بەرهەمەکەی و بڵاوکـــردنەوەکەی و مێـژووی شـرۆڤەکردنەکەیەوە، ٢) ئەو زمـانەی بە کـار هێنراوە لە بونیادنانەوەی پەیامی زمانە سەرەکییەکە بۆ زمانی وەرگر، ٣) ڕووداوی پەیوەندییەکان کە شوێن و

کاتی پەیامی دەقە سەرەکییەکە و دەقە وەرگێڕراوەکە پێک دەهێنێت، ٤) هەمەجۆریی ئەو کۆدانەی لە ڕووداوی پەیوەندییە تایبەتەکاندا بە کار هاتوون. ئەم چوار دیدە جیاوازە لە کرۆکدا دەتوانرێت لەژێر زاراوەکانی فیلۆلۆژی و زمانناسی و گەیاندن و سۆسیۆسیمیۆتیکەوە دابنرێن.

ئەم چوار دیدە سەرەکییە لەسەر کێشەکانی پەیوەندیی نێوان دوو زمان نابێت هەرچۆنێک بێت وەک پێشبڕکێ و دژبەیەک پەیڕەو بکرێن، بەڵکو وەک تەواوکاری یەکترن. یەکتری هەڵناوەشێننەوە، بەڵکو لە تێگەیشتنێکی فراوانتری سروشتی وەرگێڕاندا ڕەنگ دەدەنەوە. ڕەنگدانەوەی بەرەوپێشچوونێکی سەرنجڕاکێشی مێژوویین بەو پێیەی تیشکی تێڕوانینەکە لە خاڵی دەستپێکدا وەرگەڕاوە، کە دەقە سەرەکییەکەیە بۆ دۆخێک کە دەقێک لە لایەن ئەوانەی وەری دەگرن، شرۆڤەی دەکەن، تێگەیشتن دروست بکات. پەرەسەندنێکی لەو جۆرە لە دیدی ئەو هەقیقەتەوە کە هەموو گەیاندنێک ئامانجی سەرەکییە و لە نیازی دەقی سەرەکییەوە دەگوازرێتەوە بۆ شرۆڤەی وەرگر، تەواو سروشتییە.

## دیدگای فیلۆلۆجی بۆ وەرگێڕان

دیدگای فیلۆلۆجی لەسەر وەرگێڕان لە جیهانی خۆرئاوادا دەگەڕێتەوە بۆ هەندێک تێڕامانی قووڵ لە

لایەن کەسـانی وک سیسـیرۆ، هـۆراس، ئۆگەسـتین و جـۆرۆمییەوە، کە خەمە سـەرەکییەکانیان پـوختەکردنی ڕاست و دروستیی دەقە یۆنانییەکان بوو بۆ لاتینی. لە سـەدەکانی ١٧ و ١٨ لە ئەورووپـا، ئاڕاسـتەکردنی فیلۆلۆجی لە وەرگێڕاندا تیشکی دەخستە سەر پرسگەلی وەک "وەفاداری بەرامبەر دەق"، بە زۆری پەیوەندییەکی نزیکی هەیە بە مێژووی شرۆڤەکردنی دەقەکەوە، شتێک کە بە شـێوەیەک گرنـگ بـوو لە دۆخـی وەرگێڕانـی ئینجیلـدا. بـۆ بەشـی هەرە زۆری، ئارگومێنـت لەبـارەی سـەروبەری وەرگێـڕانەوە مـامەڵەی لەگەڵ ئاسـتی ئـازادییەکەی دەکـرد کە دەیتـوانی، یـاخود دەبـوو ڕێگەپێـدراو بێـت، تـوێژەرانیش بە گەرمـی گفتوگـۆی ئەوەیـان دەکرد کە ئایـا دەبێت وەرگێـڕ خـوێنەر لەگەڵ دەقەکەدا بگونجێنێـت، یـاخود دەقەکە لەگەڵ خـوێنەردا بگونجێنێت. بەشێکی بەشدارییە گرنگەکانی لە زوودا لە ڕووە فیلۆلۆژییەکـانی وەرگێـڕانەوە کـراون، لە لایەن لوسـەر (١٥٣٠)، ئیتینـی دولێت (١٥٤٠)، کۆولی (١٦٥٦)، دریـدێن (١٦٨٠) و پـۆپەوە (١٧١٥) بـوون، بەڵام کـاریگەریی لوسـەر زیاترینیـان بـوو لەو دیـدگایەوە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی زۆری وەرگێڕانـی ئینجیلیـدا سـەرەتا لە ئەورووپـای ڕۆژئـاوا و دواتـر لە بەشەکانی دیکەی جیهان.

ئەم دیـدیە فیلۆلـۆژییە تـا ئێسـتاش زینـدووە، کە لە لایەن بەشـداربووی گرنگـی وەک کەسـایەتیی کـاری و

جومپلێت (١٩٦٣)، جۆرج ستەینەر (١٩٧٥) و جۆن فێلستینەرەوە (١٩٨٠) شایەتیی بۆ دەدرێت. کتێبەکەی فێلیستینەر لەسەر وەرگێڕانی نیرۆدا بۆ ململانێکانی وەرگێڕانی شیعری لیریکی، بەرهەمێکی بەنرخە. هەروەها وتاری زۆر هەن لەبارەی وەرگێڕانەوە، کە لە لایەن زانکۆی تەکساسەوە بڵاو کراوەتەوە لە دالاس بە ناوی دەستەی وەرگێڕانی ئەدەبیی زانکۆی ئەمەریکی، کە ئەم دیدگا فیلۆلۆژییە بە ڕوونی نمایش دەکەن.

سەرسامکەرە کە ڕێگا فیلۆلۆژییەکانی وەرگێڕان دەتوانێت دەرئەنجامی ڕادیکاڵی جیاوازی هەبێت. ئەوانەی ئەولەویاتەکانیان لەسەر پاراستنی فۆڕمە ئەدەبییەکان دادەنێن، جۆرێک لە وەرگێڕان بەرهەم دەهێنن هەروەک لە نوسخەی نوێی ئینجیلی ئەمەریکیدا بەدی دەکرێت، کە دەقە یۆنانییەکەی لە ڕووی ستایلەوە خراپ نییە، بەڵام وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی تەواو خراپە.

زۆر وەرگێڕ سەرکەوتوو بوون لە پێکەوەگرێدانی شێواز و وەفاداریی ناوەڕۆک، ڕەنگە بە شێوەیەکی سەرسامکەر لە شانۆنامەکانی ئەریستۆفانی بینجامین ڕۆجەرس (١٩٢٤) نمایش کرابێت. دەقی هەورەکان دەقێکی قورسە بۆ وەرگێڕانێکی پڕاوپڕ، چونکە پارچەی گەورەی لیریکی، دڕندەییەک دژ بە فەلسەفە، مامەڵەی تەنزیی بە پەروەردەی یۆنانی و گاڵتەوگەپی زیادەڕەوی لە خۆ دەگرێت، کە خەڵکی دەخاتە قاقایەکی بەردەوامەوە. ڕۆجەرس دەقەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ ژیان

لە ڕێگەی گۆڕانی بەردەوام لە کێش و سەروادا بۆ ئەوەی لەگەڵ سروشتەکەدا بگونجێت. زیرەکانە یاری بە مانای وشە دەکات و کارامانە دیالۆگەکان وەردەگێڕێت، تەنانەت بۆ ئاستیک کە دەقە هەرە گاڵتەئامێزەکان دەگونجێنێت لەگەڵ خوێنەرانی سەردەمی شاژن.

ژمارەیەک لە تایبەتمەندی و سنوورە جەوهەرییەکانی دیدگای فیلۆلۆژی لەسەر وەرگێڕانی کاری ئەدەبییش شی کراونەتەوە و لە لایەن ئۆکتاڤیۆ پاز (١٩٧١) و جۆرج ماونینەوە (١٩٦٣) گفتوگۆیان لەسەر کراوە. پاز لە گفتوگۆکردنی ململانێکانی وەرگێڕانی ئەدەبی لەگەڵ دەستێکی هونەرمەندانەدا بەهرەیەکی تایبەتی هەیە، کە بە دڵنیاییەوە خۆی وایە. ماونینگیش ڕێگایەکی تایبەتی هەیە لە باسکردنی بیروڕای فرەچەشن و بڕیاردان، هەروەک ئەوەی نمایشی هاوسەنگییەکی جوانپۆشی بکات.

ئەوانەی بە شێوەیەکی سەرەکی بە دوای ڕێبازی فیلۆلۆژی کەوتوون و لەسەری دەڕۆن، لە وەرگێڕاندا باش بۆیان ڕوون بووەتەوە کە فاکتەرەکانی دیکە دەبێت تیشکێکی زیاتریان بخرێتە سەر. لە کتێبی وەرگێڕان: ئەدەبیات و زمانناسی و دیدگای فەلسەفیدا، ئەم فاکتەرە فراوانانەی زمانناسی و بابەتە کلتوورییەکان ناسێنراون و پەنجە لەسەر ڕێگایەکی قایلکەرتر دادەنێت بۆ هەندێک لەو ململانێ گرنگانەی وەرگێڕەکان دووچاری دەبن.

## دیدگای زمانناسی

لەبەر ئەوەی وەرگێـڕان هەمیشــە بەلایەنــی کەمەوە دوو زمــانی جیــاواز لە خــۆ دەگرێــت، بە دڵنیــاییەوە ژمــارەیەک لەوانەی لە بــواری ململانێکــانی وەرگێڕانــدا دەخوێنن، تیشک دەخەنە سەر تایبەتمەندییە ڕوونەکانی دەقی سـەرەکی و زمـانی مەبەسـت. تـوێژینەوەی گرنـگ لەسەر بونیادە زمانناسـییەکان لە لایەن تـوێژەرانی وەک سـاپیر، بلوومفیـڵ، تروبێتسـکۆی و جاکۆبسـنەوە، بـووە ڕاخەری کانییەک بۆ تـوێژینەوەی سیسـتەماتیکی لەسـەر هاوکێشـەی زمانناسـی. پاشـان لێکدانەوەی زمانەکـان لە دەرەوەی خێـزانە سـامییەکان و ئینـدۆئەورووپییەکان لە لایەن مرۆڤناســــــە زمانناســــــەکانەوە داهێنــــــانێکی ورووژێنەری بۆ پەیوەندیی نێوان زمانەکـان بە ڕێگـای نـوێ و داهێنەرانە دابـین کـرد. چۆمسـکی و هاوڕێکـانی ڕەهەندێکی دینامیکییان بۆ بونیـادی زمـان دابین کـرد لە ڕێگای بەکارهێنانی گواستنەوەوە. هەمـوو ئەمـانە بـوونە دەرگــایەک بــۆ بڵاوبــوونەوەی چەنـدین کتێـب لەســەر وەرگێــڕان، کە بە شــێوەیەکی ســەرەکی تیشــک دەخەنە ســەر پێکەوەگونجـانی بونیـادە زمانییەکـان. بەشـێک لە گرنگتــرین ئەو کتێبــانە لە لایەن ڤینــای و داربێڵنێــت (١٩٥٨)، نیدا (١٩٦٤)، کـاتفۆرد (١٩٦٥)، تـاتیلۆن (١٩٨٦)، لارسۆن (١٩٨٤) و مالۆنەوە (١٩٨٨) نووسراون.

جگە لە کتێبەکەی مالۆن، بەشێکی زۆری ئەو کتێبانەی کە مامەڵەیان لەگەڵ ڕووە زمانەوانییەکەی وەرگێڕان دەکرد، لە جەوهەردا ئامانجیان لەسەر پەیوەندیی مانادار بووە لەجیاتیی پەیوەندیی فەرمیی پوخت. بە شێوەیەک ئەمە بۆ ڕێگاکەی نیدا و لارسۆن دروستە. بەڵام کتێبەکەی مالۆن ئامانجێکی گۆڕین پیشان دەدات بۆ ژمارەیەک لە پرۆسە سیمانتیک و فەرمییەکان، کە هاوکێشە و جێگیرکاری، هەمەچەشنی، یەکگرنەوە لە یەک خاڵدا، ڕوونکردنەوە، دابەزاندن، بڵاوکردنەوە و تۆخکردنەوە لە خۆ دەگرێت. تیشکخستنە سەر ئەم پرۆسەیە بەرهەمدارە، بەڵام تیشکی زیاتر دەبێت بخرێتە سەر تایبەتمەندێتییە پراگماتیکییەکانی پەیامەکە و دۆخەکە، بەپێی بەکارهێنانی وەرگێڕان.

گەشەسەندن لە ڕێزمانی داتای گواستنەوە، لەگەڵ یاسا نووسراوە بوولییەکان، ئەو یاسایەی ئەگەری دوو وەڵامی دروست لە خۆ دەگرێت و هاوکێشە بەنرخەکانی بۆ چەسپکردن و بۆ توێژینەوەی گرنگ یارمەتیدەر بوو بۆ ئامێری وەرگێڕان، بەڵام لەبار نەبوو بۆ پڕکردنەوەی ئەو چاوەڕوانییانەی لە لایەن پرۆمۆشنی پێشووی کۆمپیوتەرەوە دانرابوو. سەرکەوتنی سنووورداری ئامێری وەرگێڕان، لە کاتێکدا گۆڕانکاریی پێشوەخت و گۆڕانکاریی دواتری دەوێت،

تەنـــانەت بە تەکنیکـــی کارامەشـــەوە دەرئەنجـــامی وەرگێڕانەکە ناسروشتی دەردەچێت.

چەند بەشدارییەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای زمانناسی بـۆ وەرگێـڕان لە لایەن ژمـارەیەک فەیلەسـووفەوە کە گرنگی بە لێکـۆڵینەوەی زمـانەوانی دەدەن، کـراوە، وەک ڕێگـایەک بـۆ هێنـانەخوارەوەی فەلسـەفە لە هەوری هەقیقەت و جوانی و پاکیزەییەوە بۆ واقیعی قسـەکردن لەبارەی زمانی گفتوگۆی فەلسـەفی. بەشـێکی گرنـگ لەو فەیلەسـووفانە بـریتین لە ویتێنشـتاین (١٩٥٣)، سیسـەر (١٩٥٣)، گـــریس (١٩٦٨)، کـــوینێ (١٩٥٣) و ڕیکـــۆر (١٩٦٩). بەشـــێکی زۆری دیـــدگاکانیان بە شـــێوەیەکی کـــاریگەر گفتوگۆیـــان لەســـەر کـــراوە لە دیـــدی زمـاننەوانییەوە لە لایەن ویلْـس (١٩٥٤)، ئەنتـاڵ (١٩٦٣)، لـیچ (١٩٧٠) و مۆراڤچیـک (١٩٧٢). ئەم گەشەسـەندنانە ورووژانـدنی گرنگیـان بـۆ پەرەپێـدانی ڕێگـایەکی کەمتـر سـاویلکە دابـین کـردووە، ئەویـش ئیپسـتیمۆلۆژییە لە تیـۆریی وەرگێڕانـدا. هەروەهـا هـانی زیـاتری داوە لە بەکارهێنـانە سـادەکانی زمـان لە دیالۆگـدا و یـارمەتیی بنەبڕکردنـی متمـانەی نادروسـتی داوە لە پشتبەسـتن بە زمانی سروشتی.

ژمارەیەک لە تێڕوانینی سایکۆلۆژی لەسەر وەرگێڕان لە لایەن لادمیـراڵەوە (١٩٧٢) ئامـادە کـراوە، کە مـامەڵەی لەگەڵ کۆمەڵێـک فـاکتەری سـایکۆلۆژیی هەمەچەشـن کـردووە کە کاریگەرییـان بەسـەر ئەو ڕێگایـانەی تـوخمە

زمـــــانەوانی و کلتوورییەکـــــان کە لە پەیوەندیـــــدا لە پرۆســـەدان، لە لایەن ئـــاوەزەوە هەیە. هەروەهـــا لامبێـــر (١٩٧٨) دوو جـــۆری زمـــانی جیـــا کـــردووەتەوە لەســـەر بنەڕەتـــی ئاســـتی تەواویـــی قســـەکەر لە کـــۆدی زمـــانی مەبەســـتدا. دەبێـــت ئەمە تێگەیشـــتنێکی بەســـوود بـــدات بە دەســـتەوە لە جیـــاوازییە دیاریکراوەکـــانی مـــامەڵەدا کە وەرگێر و شرۆڤەکەر دەیکەن.

## دیدگای گەیاندن

کتێبی لە زمـانێکەوە بۆ زمـانێکی دیکەی دی وارد و نیـــدا (١٩٨٦) ڕەنگـــدانەوەی گرنگیـــی چەنـــد بەشـــێکی سەرەتایین لە تیۆریی گەیاندندا، وەک ســەرچاوە، پەیـام، وەرگـــر، پێڕاگەیانـــدنەوە، دەنـــگ، کـــات و شـــوێن و دەوروبەر. هەروەهـــا مـــامەڵە لەگەڵ پرۆســـەی دووبـــارە کۆددانــــــان و کۆدهەڵوەشــــــاندنەوەی پەیوەنــــــدییە بنچینەیـــیەکە دەکـــات و بەراوردیـــان دەکـــات بە بەشـــی ئاڵۆزتری پرۆسەی وەرگێڕان.

ئەو زماننـاسانەی لە بواری کۆمەڵەی زمانەوانیدا کار دەکەن، وەک لابۆڤ (١٩٧٢)، هـیمس (١٩٧٤) و گـومپێرز (١٩٨٢)، بەشــــداربوونی گرنگییــــان لە تێگەیشــــتنی بنەماکـانی وەرگێـڕان کـردووە کە تیشـک دەخـاتە سـەر پرۆسەی هەمەچەشنیی گەیاندن. ئەم پەیوەندییەی نێوان کــــۆمەڵەی سۆسیۆلینگویســــتیک و وەرگێـــــڕان، پەیوەنــــــدییەکی تەواو سروشــــــتییە، چـــــونکە سۆسیۆلینگویستیکەکان بە شـێوەیەکی سـەرەکی مـامەڵە

لەگەڵ زمانـدا دەکەن  وەک ئەوەی لە لایەن کـۆمەڵگەوە بە کاردەهێنرێـــت لە پەیوەندیکردنـــدا. ئەو ڕێگـــا جیـاوازانەی تێیـدا کـۆمەڵگە زمـان بە کـار دەهێـنن لە پەیوەنـدییە تایبەتییەکانیانـدا، گـرنگە بـۆ هەمـوو ئەوانەی سەروکاریان لەگەڵ وەرگێڕاندا هەیە.

هەر ڕێگـایەکی وەرگێـڕان کە لەسـەر ئەساسـی تیۆریی گەیاندن بونیاد نرابێت، دەبێت تیشکی پێویست بخـاتە سـەر تایبەتمەندێتییە پارالینگویستیکی و ئێکسـترا لینگویسـتیکیەکانی پەیـامە زمـانی و نووسـراوەکان. ئەو جـــۆرە تایبەتمەنـــدێتییانەی وەک ئـــاوازی دەنـــگ، دەنگەدەنـگ، تایبەتمەندیی پەخشـکردن، هێمـا، هەڵوێسـت و پەیوەنـــدیی چـــاو، وەک ئاشـــکرایە لە پەیوەنـــدییە زمانییەکانـــدا گـــرنگن، بەڵام بەشـــێکی زۆری خەڵـــک شکسـت دەهێـنن لەوەی تێـبگەن هۆکـاری هاوشـێوەش ئامادەییـــان لە پەیوەنـــدییە نووســـراوەکاندا هەیە. بـــۆ نمـوونە شـێوازی نووسـین، دارِشـتن، کـوالیتیی کـاغەز و جۆری نوشتانەوەی کتێب.

لەپێنـاو کـاریگەریی کـاریگەردا، نـاتوانین فـۆرم لە ناوەڕۆک جیا بکەینەوە، لە کاتێکدا فۆرم خـۆی لە خۆیـدا مانـای ئێجگـار زۆر هەڵـدەگرێت. وەک سـوزان لانـگەر دەڵێـت، "هەقیقەتـی نمایشـکردن" لەجیـاتیی "هەقیقەتـی گوتـــار". ئەم بەیەکگەیشـــتنەی فـــۆڕم و نـــاوەڕۆک بـــێ ئەمـلاولا بـووە هـۆی تیشـک خستنەسـەرێکی جیدیتر بـۆ سـەر کـرداری سـەرەکیی وەرگێـڕان، بـۆ نمـوونە وەک

زانیاری، توانای دەربڕین، توانای فێربوون، ئەرک، جێبەجێکار، هەستدار و تایبەتی، هەروەها لەگەڵ توانای تێگەیشتنی ئەوەی کە کرداری زانیاری کەمتر لەوەی بە شێوەیەکی نەریتییانە بیری لێ کراوەتەوە، دیارە. لە ڕاستیدا، زانیاری دەتوانرێت بە کەمتر لە %٢٠ی ئەوەی لە بەکارهێنانی زماندا ڕوو دەدات، هەژمار بکرێت.

ئەم جەختخستنە سەر فرمانەی زمان، بە هەمان شێوە کاری کردووە بۆ جەخت خستنەسەر گرنگیی بونیادی گوتاری، هەروەها قسەکردن لەسەر "هونەری وتاربێژی" و "شاعیری"، کە تێیدا یارمەتیی گرنگ هاتووە بە هانای وەرگێڕەکانەوە لە ڕێی توێژینەوەکانی جاکۆبسن (١٩٦٠)، گرایم (١٩٧٢)، تراوگوت و پرات (١٩٨٠). ئەم تیشک خستنەسەر بونیادی گوتارە، مانای ئەوەیە کە هەر بڕیاردانێک لەبارەی قبووڵکردن و قبووڵنەکردنی وەرگێڕانێک، دەبێت لەسەر بنەمای ئەوە بێت کە دەقی زمانی سەرەکی و دەقی وەرگر بە شێوەیەکی لەبار کردارەکانیان جێبەجێ بکەن.

مەرجێکی بچووکی وەرگێڕانی دروست ئەوەیە، خوێنەران توانای ئەوەیان هەبێت بە هەمان ئەو شێوەیەی کە چۆن خوێنەرە سەرەکییەکانی دەقەکە تێگەیشتوون و کاردانەوەیان بۆی هەبووە، تێبگەن. مەرجێکی گەورەتر بۆ وەرگێڕانی دروست ئەوەیە کە خوێنەرانی دەقە وەرگێڕراوەکە کاردانەوەیان بۆ دەقەکە هەبێت، بە هەردوو جۆری توانای فیکری و هەستیار بە

مـــامەڵەیەک کە لە جەوهەردا بە هەمـــان شـــێوەی ئەو کــاردانەوەیەیە کە خــوێنەرە ســـەرەکییەکان دەیانبێــت. مەرجە بچــووکەکە بــۆ ئەو دەقــانە دەبێــت کە لە لایەن جیاوازیی کەلتووری و زمانەوانییەوە دابەش بوون، بۆ نمـــوونە ئەو وەرگێڕانـــانەی خـــراونەتە ســـەر زمـــانی ئینگلیزی لە ئەفریقای خۆرئاوا. مەرجە گەورەکە بەسـەر وەرگێرانـــی هەنـــدێک لە شـــیعرەکانی هێنریـــک هێنیـــدا جێبەجێ دەبێت.

ئەم مەرجـانە ڕێنیشـاندەرمانن بەرەو ئەگەرەکـان و سنوورەکانی وەرگێڕانی دەقی هەمەچەشن  کە کرداری جیاوازیان هەبێت. مـاونین (١٩٦٣) مـامەڵە لەگەڵ هەمـان ململانێـدا دەکـات وەک شـتێک کە ئەگەری وەرگێڕانــی هەبێـــــــت و ڕێـــــــیس (١٩٧٢) گفتوگـــــــۆی ڕووە پەیوەندیـــدارەکانی وەرگێرانـــی کـــردووە لە ڕێـــگەی بانگەشـــە بـۆ تیشـک خستنەسـەر ململانێـی هاوتـایی کرداری.

## دیدگای سۆسیۆسیمۆنتیک

ســـەنتەری تەواو لە دیـدگای سۆسیۆسـیمۆنتیک لە وەرگێڕانـــدا هەمەچەشـــنیی ئەو کـــۆدانەیە کە لە هەر ئەکتێکی پەیوەندیی زارەکیدا هەن. وشـە هەرگیز بەبێ

هەنـــــدێک تایبەتمەنـــــدێتیی پارالینگویســـــتیک[1] و ئێکسترالینگویستیک[2] پەیدا نابێت. کاتێک خەڵکی گوێ لە قسەکەرێک دەگرن، تەنها پەیامە زارەکییەکە وەرناگرن، بەڵکو بنەمای زانیاریی باکگراوندەکە و چەندین کۆدی هەمەچەشـنی ئێکسترالینگویسـتیک وەردەگـرن، ئەوانەن کە بڕیـار لەســەر ڕاسـتگۆیی، پابەنـدی بە هەقـیقەتەوە، هەناســەی فێربــوون، مەعــریفەی تــایبەت، باکگراونـدی نەتەوەیی، خەمی خەڵکانی دیکە و جوانیی کەسی دەدن. لە ڕاستیدا، کاریگەریی پەیامی زارەکی لەسەر ئاستێکی فراوان پشت بەو حوکمانە دەبەستێت کە لەسەر بنەمای ئەم کۆدە ئێکسترالینگویستیکانە بونیاد نراون. زۆرینەی خەڵــک تەواو نائاگــان لەبــارەی ئەو کــۆدانەوە، بەڵام گرنگن بۆ ئەو دۆخەی کە خەڵک بە "هەستێکی ناوەکی" ناوی دەبات بەبێ ئەوەی بزانێت ئەمانە کۆدن.

ئەم جۆرانە لە کۆد هەمیشە بە جۆرێک لە جۆرەکان بوونیـــان هەیە، چ لە پەیوەنـــدیی زارەکـــی یـــاخود نووسراودا بێت، بەڵام کۆدی دیکەی دیاریکراو هەیە کە بەپێی هەڵبژاردەن و دەبێت پەیامە زارەکییەکە زیادی بکات بە ڕێگای جیاواز، بۆ نموونە ئاکشنی ناو دراما،

[1] پارالینگویستیک: چەمکێکە سەروکاری لەگەڵ گوتاری زارەکیدا هەیە و بە هەست و سۆز و دەنگ و ئاواز و پاراویی گوتارەکان.

[2] ئێکسترالینگویســتیک: چەمکــێکە پەیوەندیــدار نیــیە بە واقیعــی زمانەوە، بەڵکو سەروکاری لەگەڵ گوتارەکانی سەرروو زماندایە، یان دەچێتە سەرروو زمان و زمان تێدەپەڕێنێت.

مۆسیقای گۆرانییەک و چەندین تایبەتمەندێتیی دەنگی و بینـراوی وتـاری مەڵتیمیـدیا. ئەم کـۆدانەی هەڵبـژاردەی خودن، هەندێک جار دەبنە فاکتەری زاڵی ناو وەرگێڕان، بە تایبەتی کاتێک ڕێکخستنی کاتیی لێوەکان داوا کراون لە فیلمی ناو تەلەڤزیۆنەکاندا.

کێشـەی هەمەچەشـنیی کۆدەکـان و پەیوەنـدییان بـۆ کــات و شــوێنی کــۆمەڵایەتی بە گەیانــدنەوە، لە لایەن چەند کەسێکەوە ئیشیان لەسەر کراوە، بۆ نموونە ئیکۆ (١٩٧٦)، کـرامپێن (١٩٧٩)، مارێـل (١٩٧٩) و ڕۆبینسـۆن (١٩٨٥). سەرەتای پەیڕەوکردنی ڕێگای سۆسیۆسـیمیۆتیک لە وەرگێرانــدا لە لایەن وارد و نیــداوە (١٩٨٦) و تــۆری (١٩٨٠) بـووە، بەڵام دەبێت کـاری زیـاتری تێدا بکرێت بـۆ تێگەیشــتن لە مــامەڵەی ورد کە تێیــدا کــۆدی زمــان پەیوەندیدارە بە کۆدی دیکەی مامەڵەوە.

لە ســەرەتادا زمــان دەبێــت نەک وەک بونیــادێکی توانای مێشکی ببینرێت، بەڵکو وەک کۆمەڵێک خواستی هـاوبەش بە بەکارهێنـانی دەنـگ بـۆ پەیوەنـدیکردن. ئەم کـۆمەڵە خواسـتە لە نـاو کـۆمەڵگەدا ڕێککەوتنـی لەسـەر کـراوە، لە لایەن کۆمەڵگەوە بـڵاو کـراوەتەوە و لە لایەن سـێتینگێکی کـۆمەڵایەتییەوە[٣] فێــر کــراوە. ئەمە بــۆ گۆڕانێکی ڕوون ساخ دەبێتەوە لە ڕێگـای ئەبسـتراکت و کەمکــــردنەوەوە بــــۆ زمــــان و بەرەو نــــاوەڕۆکی

---

[٣] ئەو کات و شوێنەی کۆمەڵگەکە تێیدایە

سۆسیۆلینگویستیکی پێرفۆرمانس دەچێت، لە هەردوو دۆخی کۆددانانان و کۆدهەڵوەشاندنەوەی پەیام کە لە لایەن کۆدی هەمەچەشنەوە لە پەیوەندیدان. هەروەها ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت لە هەردوو دۆخی دانانی کۆد و هەڵوەشاندنەوەی کۆددا دیالۆگێکی پەیوەندیدار هەیە لە نێوان دەقی سەرەکی و وەرگردا، لە هەردووکیاندا لە پێڕاگەیاندنەوەی پێشبینیکراودا (پێشبینیکردنی ئەوەی کاردانەوەی وەرگر چی دەبێت) و پێڕاگەیاندنەوەی ڕاستی.

لە جێگای دووەمدا، زمان دەبێت وەک ئایدیۆسینکراتیک[٤] و سۆسیۆسینکتراکت[٥] پیشان بدرێت، بەو مانایەی کە ڕەنگە خەڵک جۆرە دەربڕینێکی جیاواز دروست بکەن، ڕەنگە فۆرمی نوێی ئەدەبی بونیاد بنێن و بەهای نوێ بدەنە پاڵ فۆرمە کۆنەکانی دەربڕین. لە ڕاستیدا وتار دەبێتە مەسەلەیەکی ڕووکەشی بۆ جوانکاری لەجیاتیی بابەتێک بۆ گەیاندن؛ دەتوانرێت پێوەری نوێ دروست بکەن و مۆدێلی دیکە سەرپێ بخەن.

---

[٤] ئایدیۆسینکراتیک: چەمکێکە تایبەتە بە تایبەتمەندیی تاکێکەوە، کە خووە خراپەکانیشی دەگرێتەوە. هەندێک جار ئەم چەمکە بۆ دەربڕینی تاکگەراییش بە کار دەهێنرێت.

[٥] سۆسیۆسینکتراکت: چەمکێکە پەیوەندیی بە تایبەتمەندیی کۆمەڵە کەسێکەوە هەیە.

ســـــــوودەکانی پەیڕەویکردنـــــــی ڕێگـــــای سۆسیۆسیمیۆتیک بۆ وەرگێڕان دەکرێت بدۆزرێنەوە لە ١) دامەزراندنی ئیپستمیلۆژییەکی واقیعی کە بتوانێت بە شـێوەیەکی پەیوەسـت بە باسـەکەوە لەسـەر ژیـانی هەقیقیـی ئەزمـوونی ڕۆژانە قسـە بکـات، چـونکە بـنەچەکەی پەیوەنـدییەکی سـێیینەییە لە نێـوان هێمـا، سەرچاوە و شرۆڤەکەر (پرۆسەی شرۆڤەکردن لەسەر سیسـتەمی نیشـانە و بونیـادی دیالۆگییـانەی کـۆمەڵگە بونیـادنراوە). ٢) کەوتـنە سـەر پەتـی داهێنـانی زارەکـی، لەجیـاتیی سـنوورداربوون بە مەرجـی دابەزیـنەوە لە نووسیندا کە پشت دەبەستێت بە گوێگرانی نوخبەویی کەسـی قسـەکەر، کە هەرگیـز بوونیـان نیـیە. ٣) ناسینەوەی نەرمیی زمان، ناسینەوەی سنوورە لێڵەکانی بەکارهێنـان و ناسـینەوەی نادیـاریی مانـا، کە زمـان دەکـات بە ئـامێرێکی بێـزارکەر و هێشـتاش ورد و جوانپۆش بێت بۆ دیالۆگ. ٤) لە جەوهەردا پابەندبوون بە یەک جـۆری زانسـتەوە لە دیـدی هەمەچەشـنێتیی کۆددا.

دەرکەوتنـی تەواوی تیـۆریی سۆسیۆسـیمۆتیک و پەیوەنـدییان بە وەرگێـڕانەوە، تـازە بە تـازە لە بەرەوپێشچوندایە، بەڵام توانای پەرەسەندنی تێڕوانینی گرنگیـان هەیە و هەروەهـا بەرنـامەی پراکتیکیـان هەیە لەپێناو دەرئەنجامێکی پەسەند و ماناداردا.



# وەرگێڕان: ئەدەبیات و پیتەکان

ئۆکتاڤیۆ پاز
لە ئینگلیزییەوە: ساڤان ئاکۆ

کاتێک فێری قسەکردن دەبین، فێری وەرگێڕانیش دەبین؛ منداڵێک کە مانای وشەیەک لە دایکی دەپرسێت، ئەوەی لە ڕاستیدا ڕوو دەدات ئەوەیە داوای لێ دەکات کە زاراوە نەناسراوەکەی بۆ وەربگێڕێتە سەر وشەی سادە و ئاسان، کە ئەو تێیدەگات. لێرەدا وەرگێڕان لە ناو هەمان زماندا جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لە وەرگێڕان لە نێوان دوو زماندا، هەروەها مێژووی هەموو ئەو کەسانەی پەیوەندییان لەگەڵ منداڵەکەدا هەیە، ئەزموونی منداڵەکە هاوتەریب دەکەن. تەنانەت خێڵە هەرە گۆشەگیرەکانیش، زوو یان درەنگ دێنە سەر پەیوەندیبەستن لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا کە بە زمانێکی بێگانە دەدوێن. ڕەنگە دەنگ و ئاوازی زمانێک کە تێگەیشتنمان بۆی نییە، وامان لێ بکات کاردانەوەکانمان سەرسامی و بێزارکەری، یاخود شڵەژاوی لە خۆ بگرێت، بەڵام بە زوویی جۆرێک لە گومان لەبارەی زمانەکەی خۆمانەوە جێگای ئەو

هەستانە دەگریتەوە و تیدەگەین کە زمان گەردوونی نییە، بەڵکو ئەوەی بوونی هەیە فرەیی زمانە، کە هەریەکێکیان ناڕوون و بێگانەیە بەوی تریان. لە ڕابردوودا، وەرگێڕان کاری نەهێشتن و لابردنی گومانەکان بووە. لەگەڵ ئەوەشی کە زمان گەردوونی نییە، زمان بەشێکی کۆمەڵگەی جیهانی پێک دەهێنێت، کە ئەگەر بێتو چەند ئاستەنگییەک تێبپەڕێنرێت، گشت خەڵک دەتوانن پەیوەندی لەگەڵ یەکتر ببەستن و لە یەکتری تێبگەن. هۆکاری ئەوەشی دەتوانن لە یەکتر تێبگەن و لە پەیوەندیدا بن، ئەوەیە لە هەر زمانێکدا بێت، مرۆڤ هەمیشە هەمان ئەو قسانە دەکات. بەجیهانبوونی ڕۆحیانەت وەڵامێک بوو بۆ ئەو فەوزایەی سەبارەت بە ئینجیل لەئارادا بوو: زمانی زۆر و یەک مادە. هەروەها بە هۆی فرەیی ئایینەکانەوە بوو کە پاسکاڵ بڕوای بە هەقیقەتی مەسیح هێنا. وەرگێڕان لە ڕێگەی بنەمای تێگەیشتنی جیهانییەوە وەڵامی فرەچەشنیی زمانی دایەوە. هەروەها وەرگێڕان تەنها بریتی نەبووە لە دووپاتکردنەوە، بەڵکو گەرەنتیی بوونی پەیوەندییە ڕۆحییەکانیش بووە.

زەمەنی مۆدێرنیتە ئەو دڵنەواییەی ڕووخاند. لەگەڵ ئەوەی مرۆڤ هەمەچەشنێتییە بێکۆتاییەکەی سۆز و میزاجی بۆ دەرکەوت، لەگەڵ ئەوەی چاودێریی ڕیزی فراوانی دابونەریت و کۆمەڵگەی دەکرد، ئیدی ئاڵۆز بووبوو مرۆڤ خۆی لە مرۆڤێکی دیکەدا بناسێتەوە.

هەتا ئەو کاتە، کێوبوون لاساری بوو، نەشدەکرا لە ڕێگەی گۆڕین یاخود قەڵاچۆکردنەوە، لە ڕێگەی تاقیکردنەوەیەکی گرانەوە یان شمشێرەوە دابمرکێتەوە، بەڵام ئەو کێوبوونەی لە ساڵۆنەکانی مرۆڤی سەدەی ١٨دا نمایش کراوە، بوونەوەرێکی نوێ بوو کە هەرچەندە دەیتوانی تەواو بە زمانی میوان بدوێت، بەڵام دیمەنی کەللەڕەقانەی بێگانەیی بەرجەستە کرد. قابیل بە گۆڕان نەبوو، بەڵکو قابیل بە مشتومڕ و ڕەخنە بوو؛ ڕەسەنبوونی دیدەکانی، سادەیی دابونەریتەکەی و تەنانەت زەبروزەنگی سۆز و تینەکەی پووچگەرێتی و بێهودەییەکەیان پشتڕاست کردەوە و چیدی پێویست نەبوو لەبارەی ناوبانگە ڕزاوەکەی، لەبارەی تاقیکردنەوەی گران و مشتومڕەوە هیچ بگوترێت. وەرزێکی نوێ هاتبوو و تێیدا پرسی ئایینی سەبارەت بە بەجیهانیبوونی ڕۆح لە لایەن هەوڵی تامەزرۆیی ڕۆشنبیرێکەوە بەسەر لێکۆڵینەوە لە یەکسانیی جیاوازییە جیهانییەکان جێگای پرسەکانی پێشووی گرتەوە. چیتر بێگانەبوون نامۆ نەبوو، بەڵکو یاسا بوو. ئەم دۆخگۆڕینە لە ئاگاییدا هەم پارادۆکسیکاڵە و هەم ڕوون و ئاشکرایە، وەک ئەو دڕندەییەی لە نۆستالژیای مرۆڤێکی شارستانیدا بوونی هەیە؛ ئەو خودگۆڕینەی، ئەو نیوە ونبووەی. لێرەدا وەرگێڕان ڕەنگدانەوەی ئەم گۆڕانە بوو. چیتر وەرگێڕان هەوڵێک نەبوو بۆ کێشانی لەیەکچوونی بنچینەیی مرۆڤ، بەڵکو بوو بە ئامێرێک بۆ

دەرخستنی ڕەسەنیەتی تاکە مرۆڤیک. وەرگێڕان جارێک لە جارەکان لەپێناو دەرخستنی لەیەکچوونەکان بەسەر جیاوازییەکاندا کاری کردووە، بەڵام لەم کاتەوە بە دوا، وەرگێران لەپێناو کێشانی ئەو جیاوازییانەی پێکەوە هەڵناکەن، خزمەت دەکات؛ ئیتر ئەگەر بێتو ئەم چڵە لە بێگانەبوونی دڕندەکەوەیە، یاخود لە هیی دراوسێکەمانەوە.

د. جۆنسۆن لە ماوەی گەشتەکەیدا تێڕامانێکی کردبوو و هەڵوێستە نوێیەکەی خۆی بە شێوەیەکی دروست خستە ڕوو: "چڵێک گیا بۆ هەمیشە هەر چڵێک گیایە، ئەگەر بێتو لە شارێک یان شارێکی دیکەدا بێت... ژن و پیاو بابەتی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکەمن و با ببینین چۆن ئەمانەی ئێستس جیاوازن لەوانەی بەجێمان هێشتوون." وشەکانی د. جۆنسۆن دوو بیرۆکە دەگوازێتەوە و هەردووکیان پێشبینیی ئەو دوو ڕێگایە دەکەن کە زەمەنی مۆدێرنیتە خەریک بوو بەسەریدا دەڕۆیشت. یەکەمیان جیابوونەوەی مرۆڤە لە سروشت، جیابوونەوەیەک کە دەگۆڕرێتە سەر ڕووبەڕووبوونەوە و ململانێ؛ ئەرکی مرۆڤ چیتر ڕزگارکردنی خودی خۆی نەبوو، بەڵکو زاڵبوون بەسەر سروشتدا بوو. دووەم، جەخت دەکاتە سەر پەرتەوازەبوونی مرۆڤ لە مرۆڤ. جیهان چیتر جیهان نییە، بەڵکو بۆشاییەکی پارچەنەکراوە، کەرتبوونێک هەیە لە نێوان سروشت و شارستانیەتدا، کەرتبوونێک کە لە لایەن پارچەی

بچـــووکترەوە لێکـــدراوە و بـــووەتە هـــۆی خولْقانـــدن کلتـــــوورگەلێکی لێکـــــدابڕاو. فرەچەشـــــنیی زمـــــان و کۆمەڵگەکان؛ هەر زمانێک بریتییە لە دیدگایەکی جیهان، هەر شارسـتانیەتێک لە خۆیـدا جیهـانێکە. ئەو خـۆرەی پیای هەڵدەدرێت لە شیعرێکی ئازتێکیدا، هەمـان شـعیری دامەنـــی میســـرِ نیـــیە، لە کاتێکـدا کە هەردووکیشـــیان لەبـارەی هەمـان خـۆرەوە دەدوێـن. بـۆ زیـاد لە دوو سەدە، فەیلەسووفان و مێژوونووسان و بەم دواییانەش زانســـــتی مرۆڤناســـــی و زماننناســـــەکان، خەریکـــــی کۆکردنەوەی فراوانی ئەو جیاوازییانەی نێوان تاکەکان، کۆمەڵگەکـان و زەمەنەکـانن کە نـابەزێنرێن. گەورەتـرین پەرتەوازەبـــــوون کە بە دەگـــــمەن لەوەی لە نێـــــوان سروشــت و کلتــووردایە کــاریگەرترە، پەرتەوازەبــوونی سەرەتاییەکانە لە بەشارستانیبووەکان؛ پەرتەوازەبوونی زیـاتر لەگەڵ فرەیـی و هەمەچەشـنیی شارسـتانیەتەکان سـەرهەڵدەدات. لە نـاو هەر شارسـتانیەتێکدا، جیـاوازیی زیــاتر پەیــدا دەبێــت؛ ئەو زمــانەی یارمەتیمــان دەدات پەیوەنـدی لەگەڵ یەکتـردا دروسـت بکەیـن، بە هەمـان شێوە لە تۆڕێکی دەنگ و مانادا زیندانمان دەکات، تـاکو هەر نەتەوەیەک لە لایەن زمانی خۆیەوە زیندانی بکرێت، زمانێک کە لەلایەن زەمەنی مێژووییەوە، لە لایەن چینـی کـۆمەڵایەتی و نەوەکـانەوە پەرشـوبڵاو بـووەتەوە. بە نیســبەت مــامەڵەی نێـوان تاکەکـانی خەڵکـی هەمـان

کۆمەڵگە، هەریەکێکیان بە نیگەرانییەکانی خۆی کەنار دراوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا، چاوەڕوانی لە وەرگێرەکان هەبوو شکستهێنان قبوول بکەن، بەڵام دۆخەکە بەو جۆرە نەبوو؛ لەجیاتیی ئەوە، خواستێکی دژیەکی و تەواوکاری بۆ وەرگێڕانی زیاتر و زیاتر هاتە ئاراوە. ئەمە پارادۆکسیکاڵە، چونکە لە کاتێکدا وەرگێڕان جیاوازییەکانی نێوان زمانێک و زمانێکی دیکە تێدەپەڕێنێت، لە هەمان کاتدا زیاتر ڕووبەڕووی یەکتریان دەکاتەوە. بە هۆی وەرگێڕانەوە، ئاگاییمان هەیە لەبارەی ئەوەی کە دراوسێکانمان وەک ئێمە قسە ناکەن و بیر ناکەنەوە. لە لایەکەوە، جیهان وەک کۆمەڵەیەکی لەیەکچوو بۆ ئێمە نمایش کراوە، لە لایەکی دیکەوە، وەک کەڵەکەیەک لە دەقی پەرەسەندوو، هەریەکە لەوەی پێش خۆی جیاوازترە و وەرگێڕانی وەرگێڕانێکە. هەر دەقێک تاکە، لە هەمان کاتیشدا وەرگێڕانی دەقێکی دیکەیە. هیچ دەقێک ناتوانێت بە ڕەهایی ڕەسەن بێت، چونکە زمان لە خۆیدا، لە جەوهەریدا خودی خۆی وەرگێڕانە- سەرەتا لە وشەیەکی نازارەکییەوە، چونکە هەر هێمایەک و دەستەواژەیەک وەرگێڕانی هێمایەکی دیکە و دەستەواژەیەکی دیکەیە. هەرچۆنێک بێت، پێچەوانەی ئەم ڕوونکردنەوەیەش بە هەمان شێوە ڕێی تێدەچێت، کە بگوترێت هەموو دەقێک ڕەسەنە، چونکە هەر

وەرگێڕانێک کاراکتەری تایبەتیی خۆی هەیە. تا خاڵێک، هەر وەرگێڕانێــک داهێنــانێکە و دەقێکــی تــاک پێــک دەهێنێت.

دۆزینەوەکانی زانستی مرۆڤناسی و زمانناسی دژی خودی وەرگێڕان نین، بەڵکو دژی چەمکێکی ساویلکەی دیـاریکراوی وەرگێـڕانن، ئەویـش وەرگێڕانـی وشــە بە وشەیە کە بە زمانی ئیسپانی پێی دەگوترێت "servil" و بە واتای "خزمەتکاری" دێت. مەبەستم ئەوە نییە بڵێم وەرگێڕانـی وشــە بە وشــە ئەستەمە؛ ئەوەی مـن دەیڵـێم ئەوەیە کە ئەوە وەرگێــڕان نیـــیە، ئەوە میکـــانیزمێکە، زنجیـــرەیەک وشـــەن کە یارمەتیمـــان دەدەن دەقەکە بخوێنینەوە بە زمانی ڕەسەنی خۆی. ئەوە فەرهەنگێکە وەک ئەوی وەرگێـــڕان بێـــت، کە ئەمەش بێگومـــان چـــالاکییەکی ئەدەبیـــیە، تەنـــانەت ئەگەر بێتـــو نیـــازی سەرەکیی وەرگێڕەکەش گواستنەوەی مانا بووبێت. لە دۆخـی وەرگێڕانـی زانستیدا، وەرگێڕان گواستنەوەیەک بۆ بابەتە ڕەسەنەکە دەکات. ئەو گواستنەوەیە جگە لە کـارێکی ئەدەبـی، هیچـی تـر نییە و هیچـی تـر نابێـت، چــونکە گشــت وەرگێڕانەکــان ســوود لە دوو جــۆری دەربڕین وەردەگرن، کە بە بڕوای ڕۆمـان جاکۆبسـن، گشــت پرۆســە ئەدەبییەکـان گەلاڵە کـراون لە مەجـاز و مێتـافۆردا (metonym and metaphor). دەقە سەرەکییەکە هەرگیـــز لە زمـــانە نـــوێیەکەدا دەرنـــاکەوێتەوە و دەرکەوتـنەوەی ئەستـەمە؛ هێشـتاش هەمیشــە بــوونی

هەیە، چونکە وەرگێڕانەکە بەبێ ئەوەی بە وشە بیڵێت، بەردەوام دەری دەبڕێت، یاخود دەیگۆڕێتە سەر بابەتی زارەکی، کە هەرچەندە جیاوازە، بەڵام ئەوە مەجاز و مێتافۆر بەرهەم دەهێنێتەوە بەبێ ئەوەی بوونی هەبێت. هەردووکیان بە پێچەوانەی وەرگێڕانی ڕوونکردنەوە و شرۆڤەوە، فۆڕمگەلی وردن کە بە هیچ شێوەیەک جیاواز نین لەگەڵ دروستیی وەرگێڕاندا. مەجاز وەسفێکی ناڕاستەوخۆیە و مێتافۆریش هاوکێشەیەکی زارەکییە.

گەورەترین ڕەشبینی لەبارەی شیانی وەرگێرانەوە لە شیعردایە، کە تیشکی خراوەتە سەر، چونکە شیعر بارێکی دیارە و باشترین شیعرەکان لە هەر زمانێکی خۆرئاواییدا وەرگێڕانن و زۆرینەی ئەو وەرگێڕانانە لە لایەن شاعیرانی مەزنەوە نووسراون. چەند ساڵێک لەمەوبەر زمانناس و ڕەخنەگر، جۆرج ماونین کتێبێکی لەبارەی وەرگێرانەوە نووسی و تێیدا ئاماژەی بەوە دا کە بە گشتی، ئەو ڕاستییە سەلمێنراوە کە ڕێگەی تێدەچیت نیشانەی واتای دەقێک وەربگێڕرێت، بەڵام لە کۆتاییدا ئەستەمە وەرگێڕانی واتای مانا جیاوازەکانی پشت دەقێک بکرێت. لە چنراویدا لە ناو دەندگدانەوەکان، ڕەنگدانەوەکان و کارلێکردنی دەنگ لەگەڵ مانادا، شیعر ڕیشاڵێکە لە مانای تەلمیحی و بەم شێوەیەش وەرگێڕانی ئەستەمە. دەبێت دانی پێدا بنێم کە ئەم بیرۆکەیە بەلامەوە سووکایەتییە، نەک تەنها لەبەر

ئەوەی لەگەڵ بڕوا شەخسییەکەمدا کە پێم وایە شیعر جیهانییە، دژ دەوەستێت، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە لەسەر بنەمای چەمکێکی نادروستی وەرگێڕان بونیاد نراوە. هەموو کەس هەمان بڕوای منیان نییە و زۆر لە شاعیرە مۆدێرنەکان پێیان وایە کە شیعر وەرناگێڕرێت. ڕەنگە بیروڕاکانیان بەستنەوە زیاد لە پێویستەکانیان بێت بە بابەتە زارەکییەکانەوە، یاخود ڕەنگە بووبن بە داوی تاکەکەسیی خۆیانەوە. داوێکی نەمر، وەک کویڤیدۆ ئاگاداری لەبارەیەوە دەدات: "ئاوی بنی دەریاکان، ئەو شوێنەیە کە لێوەی هاتم بۆ خۆشویستنی خۆم." ئونامنۆ، لە یەکێک لە گۆرانییە نیشتمانییەکانیدا، نموونەیەکی ئەم جۆرەی شەیدایی زارەکی دەهێنێتەوە:

"ئاڤیلا، ماگالا، کاسێریس،
ژاتیڤا، مێریدا، کۆردۆبا،
ژویداد ڕۆدریگۆ، سێپولڤێدا،
ئوبیدۆ، ئەریڤالۆ، فرۆمیستا،
زوماراگا، سالامانسا،
تورێنگاریۆ، زاراگۆزا،
تۆ ئەو ناوەیت کە جیاواز لە هەموانیت،
ئازاد، ڕوون و ئاشکرا، شایانی مانەوەیت،
جەوهەرێکی وەرنەگێڕراوی
زمانە ئیسپانییەکەی ئێمەیت..."

"جەوهەری وەرنەگێــڕراوی زمــانە ئیســپانییەکەی ئــێمە" مێتــافۆرێکی سەرســامکەرە؛ جەوهەر و زمــان! بەڵام مێتــافۆرێکە کە تەواو توانــای وەرگێڕانــی هەیە، چونکە وێناکەی جیهانییە. زۆر لە شاعیران سوودیان لە شێوازەکەی ئونامونۆ وەرگرتووە لە زمانەکانی دیکەدا: تێیدا لیستی وشەکان جیاوازە، بەڵام ناوەڕۆک و هەست و مانا هاوشێوەن. سەیرە کە جەوهەری وەرنەگێڕراوی ئیسپانیا پێک هاتبێت لە میراتی بێخاوەنی ناوەکانی ڕۆمانیا، عەرەبی، کێڵتیبێریان و باسقوێ. سەرسامکەر دەبوو ئەگەر ئونامنۆ ناوی شاری لیدیای کەتەلۆنیای وەربگێڕایە بۆ سەر کاستیلیان (لێریدا). هەروەها ئەوەی کە لە هەمــووی سەرســامکەرترە، ئەوەیە ئەم دێــڕانەی دواتری ڤیکتۆر هوگۆی وەک ئیپیگرافێک بۆ شیعرەکەی کۆت کردووە، دیارە کە نەیزانیوە لەگەڵ کردنی ئەمەدا دۆخێکــــی پارادۆکســــیکاڵ لەگەڵ گــــوتەکەی خــــۆی دەخولقێنێت، کە دەیگووت ناوەکان توانای وەرگێڕانیان نییە:

"هەموو شتێک لێک دەترازێ، ئایرون، کۆیمبر،
سانتاندەر، ئالمۆدۆڤار،
هەر کە گوێمان لە دەنگی کەوتنی
تەپڵەکانی بیڤار دەبێت..."

لە هەردوو دەقـــی ئیســـپانی و فەڕەنســـیی ئەم شـیعرەدا، هەسـت و ماناکـان هەمـان شـتن. چـونکە - ڕاشـکاوانە قسـە بکەیـن - نـاوە گونجاوەکـان توانـای وەرگێڕانیـان نییە. هوگۆ بە دەگمەن بە ئیسپانی دایـان دەنێتەوە، هیچ هەوڵێک نادات بۆ بە فەڕەنسی کردنیان. دانانەوەیان کاریگەرە، چونکە وشەکان داماڵراون لە مانا وردەکانیــان و گـۆڕراونەتە ســەر پـارچەی بچــووکی زارەکـی و گـوتەی پیـرۆزی هەقیقـی و بە درێژایـی لە دەقە فەڕەنسـییەکە تەنـانەت زیـاتر لە دەقە ئیسـپانییەکە دەنگی داوەتەوە. وەرگێڕان زۆر ئاڵۆزە، بەقەد نووسـینی دەقی ڕەسـەن قورسـە؛ بەڵام ئەستەم نییە. شیعرەکانی هوگۆ و ئونامنۆ ئەو مانا تەلمیحییانە دەکێشـن کە ئەگەر وەرگێــــڕە شــــاعیرەکە بە ســــەرکەوتوویی دۆخە زارەکییەکە و نـاوەڕۆکە شـیعرییەکە بەرهەم بهێنێتەوە، دەتوانێت بیپارێزرێت. واڵاس ستیڤنس وێنەیەکی مۆدێلی داوینەتێ لەسەر ئەم دۆخە لە دەقێکی گونجاودا:

"... هیدالگۆ قورسەکە
لە کارەکتەرێکی شاخاویی ناو گوتارەکەدا دەژێ
لەو ئاوێنە شاخاوییەشدا ئیسپانیا پەیدا دەبێت
مەعریفەی ئیسپانیا و کڵاوەکەی هیدالگۆ
لێکچوونێک لە سپەینیار، شێوازێکی ژیان،
داهێنانی نەتەوەیەک لە دەستەواژەیەکدا..."

لێـرەدا زمـان بـووەتە دیمەنێکـی سروشـتی و ئەو دیـــمەنە سروشـــتییەش لە بەرامـــبەردا داهێنـــانێکە، مێتـافۆری نەتەوەیەک یـاخود تـاکێکە، تۆپـۆگرافییەکی زارەکیــیە کە بە تەواوی پەیوەنــدی دەبەســتێت و بە تەواوی وەردەگێڕرێت. دەستەواژەکان زنجیرێکـی جیـا پێـک دەهێـنن و چیاکـانیش کـاراکتەرن، ئیـدیۆگرامی شارستانیەتێکن. بەڵام کارلێککردنی نێوان دەنگدانەوە و وشـە، تەنهـا بەرهەڵسـتیکەر نیـیە، بەڵکـو هەڕەشـەیەکی بەرگەنەگیراویش لە خۆ دەگرێت. ساتەکە ئەو کاتەیە کە لە هەموو لایەکەوە بە وشـە دەورە درابێتین، هەست بە ترسان و واقوڕمانێکی بێزارکەری ژیـانکردن دەکەیـن لە ناو کۆمەڵێک ناودا، لەجیاتیی کۆمەڵێک شت. واقوڕمـانی تەنانەت هەبوونی ناوێک:

"لە نێو قامیش و ئێوارە درەنگانەکان
چەند سەیرە کە ناو نراوم فێدریکۆ!"

لەم دۆخەشدا، ئەزموونەکە جیهانییە: گارسیا لۆرکـاش بوایە هەستی بە هەمان نائـارامی دەکـرد ئەگەر بە نـاوی تـۆم یـان جـین یـانیش چوانـگ تـزو بـوایە. لەدەسـتدانی ناوەکانمان وەک لەدەستدانی سـێبەرەکانمان وایە؛ ئەگەر ئـێمە تەنهـا ناوەکانمـان بـین، وەک وایە کەم بکـرێینەوە تەنهـا بـۆ سـێبەر. غیـابی هەر پەیوەنـدیگەلێکی نێـوان شتەکان و ناوەکانیان دوو ئەوەندە بەرگەنەگیرراوە: یان

ئەوەتـا مانـاکەی دەبێـتە هەڵـم، یـانیش شـتەکە لە نـاو دەچێت. جیهـانی مانـای پەتـی هێنـدەی جیهـانێکی شـت بەبـێ مانـا، بەبـێ نـاو، نـاڕەوایە. ئەوە زمـانە کە وا لە جیهـان دەکـات بـۆ ژیـانکردن گونجـاو بێـت. لە سـاتی نامۆیی ئەوەی بە "فێدریکۆ" یان "سۆژی" بانگ بکرێیت، ڕاستەخۆ داهێنانێکی دیکەی نـاوێکی تـر بە دوایدا دێت، ناوێـک کە بە جۆرێـک لە جۆرەکـان وەرگێڕانـی ئەوەی یەکەمە: مێتـافۆر یـاخود مەجـاز، کە تەنـانەت بێ ئەوەی بگوترێت، دەگوترێت.

لە سـاڵانی دواییـدا، ڕەنـگە بە هـۆی سـەرکەوتنی زمانناسـییەوە بێـت، خواسـتێک بـۆ کەڵەکەکردنـی سروشـتی ئەدەبیـاتی وەرگێـڕان هەبـووە. شـتێکی وەک زانستی وەرگێڕان هەرگیز بونی نییە و بوونیشی نابێت، لەگەڵ ئەوەشـدا کە وەرگێـڕان دەتوانێـت و دەبێـت زانسـتییانە بخوێنرێـت. هەروەک ئەوەی ئەدەبیـات هاوکێشـەیەکی تـایبەتی زمـانە، بە هەمـان شـێوە وەرگێڕانیش هاوکێشەیەکی تـایبەتی ئەدەبیاتە. ئەوەشـی کە ڕەنگە بپرسین، سـەبارەت بەو ئامێرانەی وەرگێـڕان دەکەن، ئەگەر هەرگیـز بتـوانن بە هەقیقـی وەرگێـڕان بـکەن؟ ئەوا ئەوانـیش ئەکتێکـی ئەدەبیـی دەنـوێنن و ئەوانـیش ئەوە بەرهەم دەهێـنن کە وەرگێـڕان ئێسـتا بەرهەمی دەهێنێت: ئەویش ئەدەبە. وەرگێڕان ڕاهێنـانێکە کە تێیـدا دەستپێشـخەریی وەرگێـڕە کە بڕیـاردەرە، بێگومـان بە لێهـاتووییەکی زمـانەوانیی پێویسـتەوە.

ئارسەر والّی زۆر بە باشی لە کۆنتێکستێکدا باسی ئەوەی کردووە کە ئەگەر بێتو ئەو وەرگێڕە ئامێرێک بێت و لە لایەن مرۆڤەوە، یاخود زیندەوەرێک کە لە ناو فەرهەنگدا دەژی، پرۆگرام کرابێت، هەروەها تەواو ئەستەمە کە چاکسازی لەم دەربڕینەدا بکرێت:

"ڕۆشنبیرانی فەرەنسی بەم دواییانە بۆ وەرگێڕەکانیان نووسی: 'دەبێت وەرگێڕەکان لە پشتی دەقەوە خۆیان بشارنەوە و ئەگەر وا بکەن، هێشتا تەواو ڕوونە کە دەقەکە بە ناوی ئەوانەوە دەدوێت.' جگە لەو دۆخانەی تێیدا دەربڕینەکان ڕستەی کۆنکریتین، وەک 'پشیلەکە بە دوای مشکەکەوەیە'. دەربڕینی دەگمەن هەیە کە بەرامبەرێکی وشە بە وشەی ڕاستەوخۆیان هەیە لە زمانێکی دیکەدا. ئەوانەی بەرامبەرێکی لەو جۆرەیان نییە، تێیدا دەکەویتە دۆخی پرسیار سەبارەت بە هەڵبژاردن لە نێوان لێکچوونی هەمەچەشنی ماناکاندا. هەمیشە پێم وابووە ئەوە منم، نەک دەقەکە، کە دەبێت قسەکەر بێت."

لە تیۆریدا، تەنها شاعیرانن کە دەبێت وەرگێرانی شیعر بکەن؛ شاعیران بە دەگمەن وەرگێڕی باشن. بە دەگمەن بە شێوەیەکی نەگۆڕ شیعری بێگانە بە کار دەهێنن، وەک خاڵی دەرچوون بەرەو هیی خۆیان. بەڵام وەرگێڕێکی باش بە ئاڕاستە پێچەوانەکەدا دەڕوات: مەودای ئامانجەکەی هاوشێوەیەکی شیعرییە، لە کاتێکدا کە هاوشێوەش نییە بە دەقە ڕەسەنەکە. وەرگێڕ لە

شـیعرەکە دوور دەکەوێـتەوە، تەنهـا لەپێنـاو ئەوەی کە لێی نزیکتر ببێتەوە، نزیکتر بیپێکێت. وەرگێڕێکی باشـی شـــیعر وەرگێـــڕێکە کە خۆیشـــی شـــاعیرە، هەروەک ئارسەر والی. یاخود شاعیرێک کە وەرگێڕێکی باشیش بێت، وەک نێرڤاڵە کە یەکەمین فاوستی وەرگێڕا. نێرڤال لاساییکردنەوەیەکی ڕەسەن و نایابی گۆتە، جان پاوڵ و شـــــاعیرانی ئەڵمـــــانیی دیـــــکەی نووســـــیونەتەوە. "لاســـاییکردنەوە" خوشـــکی دوانەن لەگەڵ وەرگێـــڕان: هاوچەشـنن، بەڵام نابێـت هـیچ کامێکیـان لەگەڵ ئەوی دیکەیـان تـێکەڵ بکەیـن. وەک کـاراکتەری جۆسـتاین و جۆتلێرن، دوو خوشـکەکەی ڕۆمـانەکەی مـارا - سـاد... هۆکـاری ئەوەی کە زۆر شـاعیر توانایـان نیـیە شـیعر وەربگێڕن، پەیوەندیی بە سایکۆلۆژیاوە نییە، هەرچەندە کە هەندێک خودپەرستییشی تێدایە، بەڵکو هاوکێشـەییە: وەرگێڕانـــی شـــاعیرانە، کە هەوڵ دەدات بەرنـــامەی پرۆسەیەکی هاوشێوە بۆ داهێنانی شـیعری بخـاتە ڕوو، بەڵام ئاڕاستەکە پێچەوانە دەکاتەوە.

هەر وشـــەیەک ژمـــارەیەکی دیـــاریکراو لە مانـــای نائاشـــکرا لە خـــۆ دەگرێـــت؛ کاتێـــک وشـــەیەک لەگەڵ وشـــــەیەکی دیـــــکەدا یەک دەگرێـــــت بـــــۆ ئەوەی دەسـتەواژەیەک پێـک بهێنێـت، یەکێـک لە ماناکـانی ئەو دەســـتەواژەیە چـــالاک و زاڵ دەبێـــت. بەڵام پەخشـــان دەخوازێـت دەسـتەواژەکان لە کۆنتێکسـتی یەک مانـا و وەک یەک مانـا بمێنـنەوە، لە کاتێکـدا وەک ئەوەی زۆر

جار له شیعردا تێبینی کراوه، یەکێک له تایبەتمەنییەکانی شـــیعر، ئەو تایبەتمەنـــدییەی شـــعیر جیـــا دەکـــاتەوه، پاراستنی فرەیی مانـایه. ئەوەی لێره دەیبینین، مـوڵکێکی گشـتیی زمـانه و شـیعر بـایەخی پـێ دەدات، بەڵام به پلەیەکی نزمتـر له گوتـاری ئاسـایی و پەخشـاندا بـوونی هەیه. ئەم دۆخه پشتڕاسـتی دەکـاتەوه که پەخشـان به مانـا ڕاسـتەوخۆکەی زاراوەوه، هـیچ بـوونێکی هەقیقیـی نیـیه: تەنهـا چەمکێکه له لایەن ڕۆشـنبیرەوه خـوازراوه. ڕەخنەگـران تیشـکێکی پێویسـتیان بـۆ ئەم نـامۆییه بێزارکەرەی شیعر تەرخان کردووه، بەڵام ئاماژەیـان به نـامۆییه تـایبەته یەکسـانەکه نەداوه، که وەڵامـدەرەوەی ئەم جـۆرەی گەڕۆکـی مانـاکەو و نـاڕوونیی مانـاکەن. شـیعر به ئاڕاسـتەی پـێچەوانەی پەخشـان، ڕادیکـاڵانه زمـان دەگـوازێتەوه. له دۆخێکـدا، گەڕۆکیـی کـاراکتەر دەخوازێـت تـاکه مانـایەک چـاک بکـاتەوه، له لایەکـی دیکەوه، هەمەچەشنیی ماناکان دەخوازێت کاراکتەرەکان چاک بکاتەوه. زمان، به دڵنیاییەوه، سیستەمێکی هێمـایی گەڕۆکه که ڕەنگه تا ئاستێک توانـای ئـاڵوگۆڕی هەبێت؛ وشـــەیەک دەتوانرێـــت به وشـــەیەکی دیـــکه جێگـــای بگیـررێتەوه و هەر دەسـتەواژەیەک دەتوانرێـت له لایەن یەکێکی دیـکەوه دەربـبڕرێت و وەربگێڕرێت. بـۆ ئەوەی شـرۆڤەی پیـرس، ڕابەر له پراگماتیسـمدا، بکەیـن، ڕەنـگه بڵێین که مانـای وشـەیەک هەمیشـه وشـەیەکی تـره. هەر کاتێـک دەپرســین "ئەم دەســتەواژەیه مانــای چیــیه؟"

وەڵامەکەی دەستەواژەیەکی دیکەیە. هێشتاش کاتێک دەچینە دەقەری شیعرەوە، دەبینین کە وشە توانای خۆی و توانای ئاڵوگۆڕی خۆی لە دەست داوە. مانای شیعرێک فرەجۆرن و گۆڕراون؛ وشەکانی ئەو شیعرە تاکن و جێگرەوەیان نییە. گۆڕینیان ڕووخاندنی شیعرەکەیە. شیعر بە زمان دەردەبڕرێت، بەڵام زمانیش تێدەپەڕێنێت.

شاعیر، کە نغرۆی بزووتنەوەی وەرگێڕان بووە، هەندێک وشەی کەم هەڵدەبژێرێت، کاتێک خەریکە بەیەکیانەوە دەنوسێنێت، شیعرەکەی بونیاد دەنێت: بابەتێکی زارەکی لە کۆمەڵێک کاراکتەری نەجووڵاو و نەگۆڕراو دروست بووە. خاڵی دەستپێکی وەرگێڕ زمانی جووڵاو نییە کە مادەی خامی شاعیرەکە دابین دەکات، بەڵکو زمانی جێگیری شیعرەکەیە. کە زمانێکی مەیو، بەڵام هێشتا زیندووە. بەرنامەی پرۆسەکانی دژیەکە لەگەڵ هیی شاعیرەکەدا، بە شێوەیەک کە دەقێکی نەگۆڕراو لە کاراکتەرگەلێکی جووڵاوەوە بونیاد نانێت، لەجیاتیی ئەوە بەشەکانی دەقەکە هەڵدەوەشێنێت، هێماکان بۆ دەورانداندنێک ئازاد دەکات، پاشان دەیانگەڕێنێتەوە بۆ زمان. لە دەستەواژەی یەکەمیدا، چالاکیی وەرگێڕ هیچ لە هیی خوێنەرێک یاخود ڕەخنەگرێک جیاواز نییە، بە جۆرێک کە هەر خوێندنەوەیەک وەرگێڕانێکە، هەر ڕەخنەیەکیش شرۆڤەیەکە، یان وەک شرۆڤەیەک دەست پێ دەکات.

بەڵام خوێندنەوە وەرگێڕانە لە مەودای هەمان زماندا، ڕەخنەش نوسخەیەکی ئازادی شیعرەکەیە، یاخود ئەگەر وردتر بین، ئاڵوگۆڕێکە. سەبارەت بە ڕەخنەگر، شیعر خاڵی دەستپێکە بەرەو دەقێکی دیکە، کە ئەویش دەقی خۆیەتی، لە کاتێکدا وەرگێڕ، لە زمانێکی دیکەدا و لەگەڵ کاراکتەری جیاوزدا، دەبێت هاوشێوەیەکی شیعری بۆ دەقە ڕەسەنەکە دروست بکات. قۆناغی دووەمی چالاکیی وەرگێڕ لەگەڵ چالاکیی شاعیردا هاوشێوەیە. ئەم جیاوازییە جەوهەرییەش هەیە کە شاعیر کاتێک دەنووسێت، نازانێت شیعرەکەی بەرەو کوێ ئاڕاستەی دەکات، بەڵام کاتێک وەرگێڕ وەردەگێڕێت، دەزانێت هەوڵەکەی دەبێت ئەو شیعرە بەرهەم بهێنێتەوە کە لە بەردەمیدایە. ئەم دوو قۆناغەی وەرگێڕان، هاوشێوەی داهێنانی شاعیرین. دەرئەنجامەکەی بەرهەمهێنانەوەی شیعرە سەرەکییەکەیە لە شیعرێکی دیکەدا کە هەروەک لە پێشتردا ئاماژەم پێ دا، بە دەگمەن لە کۆپییەک دەچێت هێندەی لە گۆڕینێک دەچێت. ئایدیالی وەرگێڕانێکی شاعیری، هەروەک ڤالی جارێک پێناسەی کردبوو، پێک دێت  لە بەرهەمهێنانی هەوڵی هاوشێوە بە ئامڕازێکی جیاوازەوە.

وەرگێڕان و داهێنان پرۆسەیەکی دوانەن. لە لایەکەوە، وەک کارەکانی بودلێر و پاون سەلماندوویانە، وەرگێڕان زۆر جار جیا ناکرێتەوە لەگەڵ داهێنان. لە لایەکی دیکەوە، کارلێککردنی بەردەوام لە نێوان ئەو

دوانەدا هەیە؛ دەوڵەمەنــدبوونێکی هاوبەشــی بەردەوام. مەزنتـرین مـاوەی داهێنەرانە لە شـیعری خۆرئـاوادا، لە بــنەچەی نــاوچەکەدا هەتــا ئەمڕۆمــان، لە پێشــکەوتندا بوون، چـونکە لەگەڵ نەریتی شیعری کلتووری جیاواز هــاودەمی کــراون. کــاتی خــۆی ئەم پــردی پەڕیــنەوانە فــۆرمی لاســاییکردنەوەیان وەرگرتبــوو، کــاتی تــریش هەبــــووە فـــــۆرمی وەرگێڕانیـــان وەرگرتـــــووە. لەم ڕێزلێنــانەدا، مێــژووی شــیعری ئەورووپــی دەتوانرێــت وەک کرۆنۆلۆژیایەکی خاڵی یەکگرتنی نەریتی هەمەجۆر ئەوەیـــان پێــک هێنــاوە، کە ئێســـتا پێــی دەگوترێــت "ئەدەبیاتی خۆرئـاوا"، بە نمـوونە بهێنـرێتەوە. ئەمە جگە لە بوونی نەریتی عەرەبی لە شیعری  ناوچەییدا، یـاخود بــوونی هــایکۆ و نەریتــی چینــی لە شــیعری مۆدێرنــدا. ڕەخنەگران لێکۆڵینەوە لەسـەر "کاریگەرییەکـان" دەکەن، بەڵام زاراوەکە پڕاوپڕ نییە بـۆی. زیـاتر مانـادار دەبـوو ئەگەر ئەدەبیــاتی خۆرئـــاوا وەک ڕووبەرێکــی گشـــتی هەژمـار بکرێت کە تێیـدا پـاڵەوانە سـەنتەرەکان نەریتـی نەتەوەیی نین، وەک ئینگلیـزی، فەڕەنسـی، پۆرتوگـالی و شیعری ئەڵمانی، بەڵکو شێواز و مۆد بن. هـیچ شـێواز و مۆدێک هەرگیـز تـایبەت بە نەتەوەیەک نەبووە، تەنـانەت تـــــایبەت بەوەش نەبــــووە کە پێــــی دەگوترێــــت نەتەوەپەرستیی هونەری. شێواز بە جێگیری زمانناسـیی تێپەڕانـــــدووە: دۆن لە کویڤـــۆدۆ نزیکتـــــرە وەک لە وۆدســـوۆرس؛ بەڵگەیەکــی خزمـــایەتی هەیە لە نێــوان

جۆنگۆرا و مارینۆ لە کاتێکدا هیچ زمانێکی هاوبەشیان نییە، بەڵام جۆنگۆرا و جوان پێکەوە دەبەستێتەوە، سەرۆک قەشەی هیتا، کە لە بەرامبەردا هەندێک جار یادەوەریی چاورە. شێوازەکان بە یەکترییەوە دەلکێن و لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە ڕەت دەبن؛ کارەکان، هەریەکێکیان لە خاکی زارەکیی خۆیدا ڕەگی داکوتاوە، تاکن... بەڵام گۆشەگیر نا: هەریەکێکیان لە پەیوەندیدا لەگەڵ کاری دیکە کە لە زمانی جیاوازی تر پێک هاتوون، لە دایک بوون و دەژین. لەگەڵ ئەوەشدا، فرەیی زمانەکان و تاکیی کارەکان نە هەمەچەشنیی تەواو پێک دەهێنن، نە ژاوەژاو، بەڵام تەواو بە پێچەوانەوە، لە دنیایەک دژیەکی و هارمۆنی، یەکێتی و لە باسلادانەوە پەیوەندیی پێکەوەبەستراو دروست دەبن. بە درێژایی چەندین سەدە، شاعیرانی ئەورووپی، خەریکن هەمان شیعر دەنووسن بە زمانی جیاواز، ئێستا ئەوانەشی هەردوو نیوەی کیشوەری ئەمەریکاشی گرتووەتەوە. هەر نوسخەیەکیش شیعرێکی ڕوون و ڕەسەنە. ڕاستە کاتەکان گونجاو نین، بەڵام ئەگەر هەنگاوێک بگەڕێینەوە، دەتوانین تێبگەین کەوا ئێمە گوێ لە کۆنسێرتێک دەگرین و موزیکژەنەکان، ئامێری جیاواز دەژەنن کە نە بە دوای گەیەنەردا دەگەڕێن، نە بە دوای خاڵی دەستکەوتدا، بەڵکو لە پرۆسەیەکی دەستەجەمعیدان. ئاوازێک پێک دەهێنن کە تێیدا پینەکردن لە وەرگێڕان و داهێنان لە

لاسـاییکردنەوە جیـا نـاکرێنەوە. لەو کاتـانەدا، یەکێک لە موزیکژەنەکـان دەکەوێتە دنیـای ئـاوازێکی تـاکژەنییەوە، پاشـــان ئەوانـــی دیــکە هەڵـــی دەگــرنەوە؛ هەریەکەیـــان بەهرەی خۆی دەناسێنێت کە هەموویـان پێکەوە بیـرۆکە سەرەکییەکە دەشارنەوە. لە کۆتایی سـەدەی ڕابـردوودا، شـــیعری فەڕەنســـی ئەورووپـــای سەرســـام کـــرد بەو سـۆڵۆیەی لە لایەن بـودلێرەوە دەسپێشـخەری کـرا و لە لایەن مــالارمێوە درێــژ کـرایەوە. شــاعیرە مۆدێرنیســتە ئەمەریکییـە هیسـپانۆکان، لە گەشـەپێدانی گوێیەکـدا بـۆ ئەم مـــــوزیکە نـــــوێیە لە یەکەمینەکـــــان بـــــوون. لە لاساییکردنەوەیدا، کردیان بە موڵکی خۆیـان، گۆڕییـان و ناردیـان بـۆ ئیسـپانیا، کە لەوێـش بـۆ جـارێکی دیـکە دووبـــارە دروســـت کـــرایەوە. دوای مــــاوەیەکی کەم، شاعیرانی زمانی ئینگلیزی شتێکی هاوشێوەیان لەسـەر ئـامێری مـوزیکی جیـاواز، لەسـەر کلیـل و تینـی جیـاواز ژەند، نوسخەیەکی ڕەخنەییتر و بەئاگاتری کـارەکە بـوو، کە تێیـــدا لافـــۆرجیی شــــاعیر نەک ڤێـــرلاین، پـــێگە ســـەنتەرەکەی داگیـــر کـــرد. بـــاری تـــایبەتیی لافـــۆرج یارمەتیـدەرە بـۆ تێگەیشـتنی کـارەکتەری مـۆدێرنەی ئەمەریکییـە ئەنجێلۆکـان، بـزووتنەوەیەک کە لە هەمـان کاتـدا سـیمبولی بێـت و دژەسـیمبولییش بێـت... پاونـد و ئیلیـۆت، بە دواکەوتنـی ڕابەرایەتیـی لافـۆرج، ڕەخـنەی سـیمبۆلیزمیان بە خـودی سـیمبۆلیزم خـۆی ناسـاند، لە گــــاڵتەکردن بەوەی پاونــــد بە زاراوەی کــــرد، "داوی

سیمبۆلیستی هەزەلی"ی ئەم دیدە ڕەخنەییە بوو بە چوارچێوەی سەرەکیی نووسینەکانیان و کەمێک دواتر شیعرێکیان بەرهەم هێنا، کە مۆدێرنخواز نەبوو، بەڵکو مۆدێرن بوو. هەروەها لەگەڵ والاس ستیڤن، ویلیام کارلۆس و هەندێکی تر، سۆڵۆیەکی نوێیان پێک هێنا- سۆڵۆی شیعری ئەنجلۆ - ئەمریکیی هاوچەرخ.

میراتی لافۆرج بۆ شیعری ئینگلیزی و ئیسپانی نمونەیەکی سەرەکییە لە پشتبەیەکبەستنی نێوان داهێنان و لاساییکردنەوە، وەرگێڕان و دەقی سەرەکی. کاریگەریی شاعیری فەڕەنسی لافۆرج لەسەر ئیلیۆت و پاوند، بابەتی مەعریفەی هاوبەشە، بەڵام ئەوەی کەمترین شانازیی پێوە کراوە، کاریگەرییەکەیەتی لەسەر شاعیرە ئەمەریکییە هیسپانۆکان. لە ساڵی ١٩٠٥دا لیۆپۆلدۆ لوجۆنی ئەرژەنتینی، شاعیرێکی مەزن کە کارەکانی ئەو تیشکە ڕەخنەییەیان بۆ لای خۆیان ڕانەکێشا کە شایەنی بوون، کتێبێکی شیعریی بڵاو کردووەتەوە، کە تێیدا هەندێک تایبەتمەندیی لافۆرجی بۆ یەکەم جار بە ئیسپانی دەرکەوتن: توانج، بەریەککەوتنی زمانی گفتوگۆی ئەدەبی، وێنەی توندوتیژ کە ئەبسێردیتیی شاری دەخاتە پاڵ سروشت. هەندێک لە شیعرەکانی وا دەردەکەون کە لە یەکێک لە یەکشەممە بۆرژوازییەکانی هیسپانۆ - ئەمەریکا نووسرابن. لە ساڵی ١٩٠٩دا لوگۆن کتێبێکی بڵاو کردەوە بە ناوی (Lunario Sentimental). لەگەڵ ئەوەی لاسایی لافۆرجیی

کردبووەوە، بەڵام ئەم بەرگە یەکێک بوو لە ڕەسەنترین کارەکانی سەردەمی خۆی و تەنانەت ئەمڕۆش دەتوانرێت بە شەوق و تاسەوە بخوێنرێتەوە. ئەم کتێبە کۆششێک بوو بۆ کاریگەرییەکی مەزن لەسەر شاعیرە ئەمەریکییە هیسپانۆکان، بەڵام بە دیاریکراوی سوودبەخش و هاندەر بوو بۆ شاعیری مەکسیکی، لۆپێز ڤێلرەید. لە ساڵی ١٩١٩دا، لۆپێز ڤێلرەید کتێبی خەمۆکیی (Zozorba) بڵاو کردەوە؛ کتێبێکی بنەمایی لەسەر پۆستمۆدێرنیزمیی ئەمەریکییە هیسپانۆکان، کە دژەسیمبۆلیزمەکەی سیمبۆلیزمی خۆمانە. دوو ساڵ لەمەوبەر، ئیلیۆت کتێبی خۆبەکەمزانی و تێڕامانی دیکەی (Prufrock and Other Observation) بڵاو کردەوە. لە شاری بۆستن، لافۆرجێکی پرۆتێستانت لە هارڤارد پەیدا بوو، لە زاکاتێکاس، لافۆرجێکی کاسۆلیکی لە کۆلێجی کاسۆلیکی هاتە دەرەوە. شاعیرە مەکسیکییەکە زۆری پێ نەچوو کە دواتر لە ساڵی ١٩٢١ و لە تەمەنی ٣٣ ساڵیدا، کۆچی کرد. کارەکەی ئەو لەوێدا تەواو بوو کە کارەکەی ئیلیۆت دەستی پێ کرد... بۆستن و زاکاتیکاس: پێکەوەیی ئەم دوو ناوە زەردەخەنەیەک دەخوڵقێنن، وەک ئەوەی یەکێک بووبن لەو ڕێکخراوە نەگونجاوانەی لافۆرجیی شاعیر زۆر چێژی لێ دەبینی. دوو شاعیر کە بە زمانی جیاواز دەنووسن، کە هەرگیز گومان لە بوونی ئەوی دیکەیان ناکەن، بە نزیکەیی، بەپێی کات نوسخەی جیاواز بەڵام

بە ڕەسەنی ئەو شیعرەیان بەرهەم هێناوە، کە چەند ساڵێک لەمەوبەر لە لایەن شاعیری سێیەمەوە بە زمانێکی دیکەش نووسراوە.




# ئەرکی وەرگێڕ[٦]

والْتەر بنیامین
لە ئەڵمانییەوە: پێشڕەو محەمەد

٦ Die Aufgabe des Übersetzers (the task of the translator)

لە کــاتی هەڵســـەنگاندنی کـــارێکی هـــونەری یـــان فۆرمێکی هونەریدا، بیرکردنەوە لە وەرگر (بەربێژ)[٧] هیچ بەرهەمێکی نییە و بەکەڵکی هیچ نایەت، نەک تەنها هەر گەڕانەوەیەک بۆ گشتێکی دیاریکراو یان نوێنەرەکانی، فریـودەرانە و بەلاڕێـدابردنە، بەڵکـو تەنـانەت چەمکـی وەرگرێکـــی ئایـــدیالیش لە بیرکـــردنەوەی تیۆرییـــانەی هونەردا زیانبەخش و کێشەسازە، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو شـــتەی ئەم چەمـــکە گریمـــانەی دەکـــات، بـــوون و سروشـتی مـرۆڤە بە گشـتی، یـان وەک ئەوەی هەیە. هـونەریش بە هەمـان شـێوە بـوونی فیزیکـی و ڕۆحیـی مرۆڤ وەک گریمانە وەردەگرێت، بەڵام هیچ یەکێک لە کارە هونەرییەکانی بیر لە کاردانەوەکانی ئەو ناکاتەوە، شیعر بۆ مەبەستی خوێنەر نەنووسراوە، هیچ تابلۆیەک

---

٧ Rücksicht (receiver)

بـۆ بیـنـەر نەکێشـراوە، هـیـچ سـەمفۆنییەک بـۆ گـوێگر دانەهێنراوە.

ئایـا وەرگێڕان بۆ مەبەسـتی ئەو خـوێنەرانە ئەنجـام دەدرێت کە لە زمانی سـەرەکی تێنـاگەن؟ پێدەچێت ئەمە بە شـێوەیەکی گونجـاو جیـاوازیی نێـوان ئەم دوانە [واتە وەرگێڕان و زمانی سەرەکی] لە مەیدانی هونەردا ڕوون بکـاتەوە، سـەرەڕای ئەوەش پێـدەچێت ئەمە تەنهـا هۆکـاری قەنـاعەتپێکەر بێـت بـۆ گـوتنی هەمـان شـت بە شێوەیەکی دووبـارە. لەبەر ئەوەی بەرهەمێکی هـونەری چـی دەڵێـت؟ چـی دەگـوازێتەوە یـان ئـاڵوگۆڕی چـی دەکـات؟ ئەم بەرهەمە شـتێکی زۆر کەم بەو کەسـانە دەڵێـت کە لە بەرهەمەکە تێـدەگەن، ئەم پرۆسـەیەی گەیانـدن یـان دەربڕینـی زانیـاریی جـۆرایەتییە، جەوهەرەکەی ئەم بەرهەمە نییە، بەڵام ئەو وەرگێڕانەی مەبەستی گواستنەوە یان نێوانگریی هەیە، ناتوانێت ببێتە نێـوانگری هـیچ شـتێک جـگە لە گەیانـدن، واتـا شـتێکی ناپێویسـت، بـۆیە ئەمەش خـۆی نیشـانەی هەمـوو وەرگێـڕانە خراپەکـانە، بەڵام ئەوەی لە سـەرووی گەیانـدنی شـیعرێکدا یـان لە جەوهەری بەرهەمێکـی ئەدەبیـدا هەیە – و تەنـانەت وەرگێـڕی خـراپیش جەوهەریبـوونەکەی قبـووڵ دەکـات – ئایـا لای ئـێمە بریتـی نیـیە لە شـتێکی بەدەسـتنەهاتوو، نهێنیئـامێز و شـاعیرانە، شـتێک کە تەنهـا ئەو وەرگێـڕە دەتوانێـت بەرهەمـی بهێنێـتەوە ئەگەر خۆیشـی شـاعیر بێـت؟ لە

ڕاستیدا ئەمە خۆی هۆکاری خەسڵەتێکی دیکەی وەرگێڕی خراپە، کە دەتوانین وەک گواستنەوەی هەڵە و ناڕاستی ناوەڕۆکێکی ناجەوهەری و ناسارەکی پێناسەی بکەین، هەر کاتێک ئەمە ڕاست دەبێت، ئەگەر وەرگێڕان بچێتە ژێر باری خزمەتکردن بە خوێنەرەوە، بەڵام ئەگەر وەرگێڕان بۆ مەبەستی خوێنەر ئەنجام درابێت، ئەوا بە ناچاری ئەمە بەسەر دەقی سەرەکی و ئۆرجیناڵییشدا پیادە دەبێت، ئەگەر دەقی سەرەکی بۆ مەبەست و ئامانجی خوێنەر بوونی نەبێت، ئەی چۆنچۆنی دەکرێت لە وەرگێڕان تێبگەین لەسەر بنەمای ئەم گریمانە پێشینەییەوە؟

وەرگێڕان جۆرە فۆرمێکە، بۆ تێگەیشتن لە وەرگێڕان وەک فۆرم دەبێت بگەڕێینەوە بۆ دەقی سەرەکی، چونکە دەقی سەرەکی هەڵگری یاسای وەرگێڕانە [واتە دەقی سەرەکی یاسای قابیلیەتی وەرگێڕانبوونی[٨] تێدایە]: یاساکە ڕیشەی لە قابیلیەتی وەرگێڕاندا هەیە، پرسیاری ئەوەی ئایا کارێک قابیلی وەرگێڕانە، دوو مانای هەیە: یەکەم، وەرگێڕ ئەو شتەی [خۆی دەیەوێت] لە نێو سەرجەمی خوێنەرانیدا دەبینێتەوە؟ یان بە شێوەیەکی ڕاشکاو و ڕوونتر: ئایا [دەقی ڕەسەن] بەگوێرەی سروشتی خۆی ڕێگە بە وەرگێڕان دەدات؟ لەم ڕووەوە بەگوێرەی گرنگیی ئەم

---

[٨] Übersetzbarkeit (translatability)

فۆرمە [وەرگێڕان] خوازیاریەتی و داوای دەکات؟ بە شێوەیەکی بنچینەیی و لە بنەڕەتدا دەتوانین تەنها بە شێوەیەکی ڕێکەوت وەلامی پرسیاری یەکەم (بەلام حەقیقییانە) بدەینەوە و بڕیاریان لەسەر بدەین، تەنها بیرکردنەوەی ڕووکەشی[٩] نکۆڵی لە مانای سەربەخۆی پرسیاری دووەم دەکات و بانگەشەی ئەوە دەکات هەردوو پرسیارەکە گرنگییەکی یەکسانیان هەیە، لە بەرانبەردا دەبێت ئاماژە بەو خاڵە بکرێت کە چەمکە پێکەوەگرێدراو و تایبەت و دیاریکراوەکان تەنها کاتێک ماناکانیان (لەوانەیە گرنگترین و سەرەکیترین ماناکانیان) بپارێزن کە ئەگەر هەر لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی تاکوتەنها نەگەڕێنرێنەوە بۆ مرۆڤ و بۆ مرۆڤ بە کار نەهێنرێن؛ بۆ نموونە دەکرێت قسە لەسەر ژیانێک یان ساتێکی لەبیرنەکراو بکرێت، تەنانەت ئەگەر هەموو مرۆڤەکانیش لە بیریان کردبێت، ئەگەر سروشتی سات یان ژیانێکی وەها شایستەی ئەوە بێت فەرامۆش و لە بیر نەکرێت[١٠]، ئەوا بە زەرووری سیفەتی دانەپاڵی لەبیرنەکران ئاماژە نییە بۆ هەڵەیەک، بەڵکو تەنها ئاماژەیە لەسەر بانگەشەیەک لە لایەن

---

[٩] Oberflächliche Denken (superficial thinking)

[١٠] لە چەندین شوێندا دەقی ئینگلیزی بە پێچەوانەوە وەری گێڕاوە، بۆ نموونە "لە بیر بکرێت" یان "فەرامۆش بکرێت"، بەلام ئەڵمانییەکە دەڵێت "nicht vergessen zu werden" "لە بیر نەکرێت"، ئینگلیزییەکە دەڵێت: "it be forgotten" (وەرگێڕ).

مرۆڤەوە بەدی نەهاتووە، هەروەها لەوانەیە ئاماژە و گەڕانەوە بێت بۆ هەرێم و پانتاییەک کە ئەم بانگەشەیە تێیدا بەدی دەهێنرێت: بەیادهێنانەوە [یادەوەری]ی خودا[11]، بە هەمان شێوە دەبێت بیریش لە قابیلیەتی وەرگێڕانی داهێنراوە زمانەوانییەکان بکەینەوە، تەنانەت ئەگەر مرۆڤەکان توانای وەرگێڕانی ئەوانەشیان نەبێت، ئەگەر چەمک و مانایەکی ڕاشکاوی وەرگێڕان بوونی هەبێت، ئایا لە ڕاستیدا ئەوانە بە ڕادەیەک قابیلی وەرگێڕان نابن؟ پرسیاری ئەوەی ئایا وەرگێڕانی داهێنراوە زمانەوانییە تایبەت و دیاریکراوەکان داوا کراوە یان نا؟ دەبێت بەم مانایە بخرێتە ڕوو، لەبەر ئەوە ئەم بیرۆکەیە لێرەدا ڕاستە: ئەگەر وەرگێڕان جۆرێک بێت لە فۆرم، ئەوا دەبێت قابیلیەتی وەرگێڕان خەسڵەتی جەوهەری و بنچینەیی بەرهەمە دیاریکراوەکان بێت.

قابیلیەتی وەرگێڕانی دەق تایبەتمەندیی جەوهەریی بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانە، ئەمەش بەو مانایە نایەت بڵێین جەوهەری ئەو دەقانە ئەوەیە کە دەبێت وەربگێڕرێن، بەڵکو بە مانای ئەوە دێت کە ئەو ئاماژە تایبەتەی لە ناو دەقی سەرەکیدا هەیە خۆی لە نێو قابیلیەتی وەرگێڕانی خۆیدا ئاشکرا دەکات، ئەمەش ڕاست و ئاشکرایە کە هیچ وەرگێڕانێک (ئینجا

[11] Gedenken Gottes (remembrance of God)

چەندێکیش وەرگێڕانێکی باش بێت) هەرگیز ناتوانێت بەراورد بە دەقی سەرەکی، گرنگی و مانای هەبێت، لە هەمان کاتدا بە هۆی خاسیەتی قابیلیەتی وەرگێڕانی دەقی سەرەکییەوە، [دەقە سەرەکییەکە] پەیوەندییەکی نزیک و ناوەکیی بە وەرگێڕانەوە هەیە؛ لە ڕاستیدا ئەم پەیوەندییە زۆر نزیکتر و ناوەکیتییە، کە تا ئەو شوێنەی چیتر گرنگییەکی ئەوتۆی بۆ دەقی سەرەکی نییە. دەتوانین ناوی ئەم پەیوەندییە بنێین پەیوەندییەکی سروشتی، یان بە شێوەیەکی تایبەتتر پەیوەندییەکی زیندوو، ڕێک بەو شێوەیەی دەرکەوتەکانی ژیان بە شێوەیەکی خۆییانە و ناوەکییانە پەیوەندییان بە دیاردەی ژیانەوە هەیە، بەبێ ئەوەی گرنگییەکی ئەوتۆیان بۆی هەبێت، ئەوا وەرگێڕانیش لە نێو دەقی ئۆرجینالەوە (سەرەکی) سەرهەڵدەدات، ئەویش لە ژیانی دواتری دەقەکەوە، [واتا وەرگێڕانەوە]، نەک لە ژیانی دەقی سەرەکییەوە سەرچاوە دەگرێت، لەبەر ئەوەی وەرگێڕان دوای دەقی سەرەکی دێت، تا ئەو کاتەی بەرهەمە گرنگەکانی جیهان هەرگیز هەڵبژاردنی وەرگێڕەکان لە سەردەم و زەمەنی خۆیاندا نابیننەوە، ئەوا وەرگێڕانی ئەو دەقانە نیشانەی هاتنی قۆناغی ژیانی دواتری ئەو دەقانە و بەردەوامبوونیانە، ئایدیای ژیان و ژیانی دواتر لە ناو بەرهەمە هونەرییەکاندا دەبێت بە شێوەیەکی ئۆبژێکتیڤیی نامێتافۆرییانە سەیر بکرێت، تەنانەت لەو سەردەمانەی بە شێوەیەکی ناوەکی

لەسەر بیرکردنەوە دامەزرابوون، ئاماژەیەکی شاراوە بەو خاڵە کراوە کە ژیان سنووردار نییە بۆ جەستەیەتییەکی ئۆرگانیکی، بەڵام گرنگیش نییە و نابێت هاوشێوەی ئەو هەوڵانەی فێخنەر (Fechner) ئەنجامی دان، پانتایی ژیان لەژێر جەستە و مەیدانی لاوازی دەروونندا فراوانتر بکەین، یان بە پێچەوانەوە پێناسەکردنیشی لەسەر بنەمای فاکتەرە تەواو ئاژەڵییە ئاڵۆزترەکانی وەک دەرککردنی هەستەکی دابمەزرێنین، ئەو فاکتەرانەی کە تەنها بە جۆرێکی ڕێکەوتکرد خەسڵەتی ژیان دیاری دەکەن، چەمک و مانای ژیان تەنها کاتێک دەبەخشرێت کە هەموو ئەو شتانەی خاوەنی مێژووی خۆیانن، تەنها بە ڕووتی لەپێناوی ڕوودانی مێژوودا لێرە نین، مانای ژیان ئیعتباری خۆی وەردەگرێت. لە شیکاری کۆتاییدا دەبێت بواری ژیان لە ڕێگەی مێژووەوە (نەک سروشتەوە) دیاری بکەین و پێناسەی بکەین، چ بگات بە فاکتەرگەلێکی بیبناغەی وەک دەرککردنی هەستەکی و دەروون، بۆیە ئەرکی فەیلەسووف بریتییە لە تێگەیشتن لە هەموو لایەنەکانی ژیانی سروشتی لە ڕێگەی تێگەیشتنی زیاتر لە ژیانی فراوانتری مێژوو، لە ڕاستیدا ئایا بەردەوامبوونی ژیانی دواتری بەرهەمە هونەرییەکان زۆر ئاسانتر نییە لە دیاریکردنی بەردەوامی ژیانی بوونەوەرە زیندووەکان؟ مێژووی بەرهەمە مەزنەکانی هونەر دەربارەی سەرچاوەکانیان، بەدیهێنەرەکانیان، شێوازی

دروســــتبوونیان له ســــەردەمی هونەرمەندەکانیانــــدا دەربارەی ژیانی دواتری له بنچینەدا هەمیشـەییان لای نەوەکانی دواتر قسەمان بۆ دەکەن و لەگەڵمان دەدوێن. ئەمەی دواییـان لەگەڵ هەر دەرکەوتنێکی خۆیدا زیاتر بەناوبانــگ دەبێــت، ئەو وەرگێڕانــانەی زیــاترن له گواستنەوەی بابەت یان پەیام، کاتێک دێنه بوونەوە، که بەرهەمێک له ڕەوتی مانەوە و بەردەوامبوونی خۆیدا گەیشتبێت به سەردەمی بەناوبانگبوونی خۆی، بۆیه به پـێچەوانەوەی بانگەشــەکانی وەرگێــڕه خراپەکـان ئەم جـۆره وەرگێڕانـانه زیـاتر لەوەی خــزمەت به دەقەکه بـکەن (بـۆ بـوونی خۆیـان) قەرزاربـاری دەقەکەن [هەر ئەوەنـدە]، له نێـو چوارچێـوەی ئەم وەرگێڕانـانەدایه که ژیانی دەقی سەرەکی و ئۆرجینـاڵ دەگـات به دوایـن و تەواوترین شێوازی گەشەکردن و درەوشانەوەی خۆی، ئەم پرۆسەیەش بەردەوام نوێ دەبێتەوە.

ئەم ڕەوتەش وەک دۆزینـەوەی فـۆرمێکی تـایبەت و بــــالای ژیـــان، لەژێـــر هەژمـــوون و دەســــەلاتی ئامانجدارییەکی تـایبەت و بـالادایه، پەیوەنـدیی ژیـانی و ئامانجدار که به ڕواڵەت شتێکی ئاشکرایه، بەلام کەم تـا زۆر له دوورەوەی عەقڵ ڕاوەسـتاوە، تەنهـا ئەو کـاته خـۆی دەردەخـات که ئەو ئامـانجه دوایەکییەی هەمـوو وەزیـــفه و ئامـــانجه تاقـــانه ژیانییەکـــانی پێـــیەوە بەستراوەتەوە، له ڕەهەندی تـایبەت به خۆیدا نـا، بەڵکو له ڕەهەند و بواری بالاتردا ببینرێتەوە و بەدی بهێنرێت،

ئامانجی سەرجەمی دەرکەوتە ئامانجدارەکانی ژیان، لە شێکاریی کۆتاییدا ژیان نییە، بەڵکو دەرکەوتەی خەسڵەت و سروشتی ژیان و نواندنەوە ئاماژەییەکەی ژیانە، بۆیە ئامانجی وەرگێڕانیش لە دواجاردا وا دەکات دوورترین پەیوەندیی زمانەکان لەگەڵ یەکتریدا خۆیان دەرببڕن، بۆیە وەرگێڕان هیچ کاتێک ناتوانێت ئەم پەیوەندییە شاراوەیە ئاشکرا بکات یان دایبمەزرێنێت، بەڵام دەتوانێت لە ڕێگەی بەدیهێنان و بەواقیعیکردنی ئەم پەیوەندییە لە فۆرمی کۆرپەلەیی یان توند و شاراوەدا بینوێنێتەوە و دەری ببڕێت، ئەم لایەنە نواندنەوەی شاراوەی مەدلول (ئاماژە بۆ کراو) لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ بەرجەستەکردنی تۆوە کۆرپەلەییەکەیەوە، سروشتێکی هێندە تاقانەی هەیە کە بە گشتی مەحاڵە بکرێت وێنەکەی لە مەیدان و بواری ژیانی نازمانیدا ببینرێتەوە و پەیدا بکرێت، ئەم جۆرەی نواندنەوە لە چوارچێوەی تەمسیلەکان (ئەنالۆژی) و ڕەمزەکانیدا دەکرێت جگە لە بەدیهێنانە کۆرپەلەیی و شاراوەکەیەوە - یان بەدیهێنانی پێشبینیکارانە و ئاماژەکارانە - پشت بە شێوازەکانی دیکەی گواستنەوەی مانا ببەستین و بەدی بهێنین، بەڵام ئەم پەیوەندییە گریمانەیی و بە تەواوی قووڵەی نێوان زمانەکان پەیوەندییەکە جۆرە پێکەوەبوونێکی سەیر و تایبەت پیشان دەدات، ئەمە پەیوەندییەکی نزیکایەتیی سەقامگیر و بەهێزە، چونکە زمانەکان بە یەکتری نامۆ

نین، بەڵام بە شێوەیەکی پێشینی و جیا لە سەرچەمی پەیوەندییە مێژووییەکان، بۆ ئەو شتەی دەیانەوێت دەری ببڕن، لە ناوەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە.

وا دەردەکەوێت لێکۆڵینەوەکەمان لەگەڵ ئەم هەوڵەی سەرەوەدا، کە بۆ شیکردنەوەی بابەتەکە دوای تێپەڕین بە گەلێک ئاڵۆزیی بێکەڵک و بێهودەدا، دووبارە دەگاتەوە سەر هەمان تیۆریی نەریتی و ترادسیۆنیی وەرگێڕان. ئەگەر پێویست دەکات نزیکایەتی و خزمایەتیی زمانەکان لە ڕێگەی وەرگێڕانەکانەوە دەربکەوێت و ئاشکرا ببێت، چۆن دەکرێت ئەم کارە ئەنجام بدرێت جگە لە ڕێگەی تەواوی گونجاوی گواستنەوەی دەقیقی فۆرم و مانای دەقی سەرەکی [ئۆرجیناڵ]؟ بێگومان بەدەستەوەدانی پێناسەی سروشتێکی وەها وردبین بۆ تیۆریی نەریتی، کارێکی تەواو قورس و تاقەتپڕووکێنە، دواجار ئەم تیۆرییە ناتوانێت ئەو شتە ڕوون بکاتەوە کە لە وەرگێڕاندا گرنگە، بۆیە لە ڕاستیدا بەراورد بە لێکچوونی ڕووکارەکی و پێناسەنەکراوی نێوان دوو بەرهەمی ئەدەبی، وەرگێڕان بەڵگەنامەیەکی قووڵتر و ڕوونترە لەسەر خزمایەتیی زمانەکان [نەک دەقی ئۆرجیناڵ][12]،

---

[12] واتا ئەگەر وەرگێڕان بوونی نەبێت، یان دەقیقێک لە دەرەوەی خەسڵەتەکانی وەرگێڕانەوە بێت، ئەوا ئەم دەقە سەر بە جۆرێک لە زمانە کە دوورە لەخزمایەتیی زمانەکان و ناتوانێت پەیوەندیی زمانەوانی دابمەزرێنێت، جگە لەوەش بەپێی بنیامین، دەقێک نییە لە

تێگەیشـــتن لە پەیوەنــدیی ڕاســـتەقینەی نێــوان دەقـــی ســـــەرەکی و وەرگێـــڕان گەرەنتیـــیە لەســـــەر جـــۆرە بەدیهاتنێـک کە مەبەسـتەکەی لە بنچیـنەدا هاوشـێوەی ئامانجی ئەو بەشەی ئاماژە و بەڵگاندنە، کە دەبێت هەر جـۆرە ڕەخنەیەکـی مەعـریفە و ناسـین بە هـۆیەوە و لە ڕێـــگەیەوە مەحـــاڵبوونی هەر جـــۆرە تیـــۆرییەکی دووبارەنووسـینەوە، تەقلیـدکردنەوە یـان تیـۆریی وێـنە بسـەلمێنێت. لە ڕەخنەی زانیندا (critique of cognition) بـابەتەکە بـریتییە لە دەرخسـتن و پیشـاندانی ئەو حـاڵەی کە لە زانیندا هـیچ جـۆرە ئۆبژێکتیڤیتییەک (یـان تەنانەت بانگەشـــەکردنی ئـۆبژێکتیڤیتەش) بـــوونی نیـــیە، ئەگەر مەبەسـت لە ئـۆبژێکتیڤیتە وێـنە و لاسـاییکردنەوەکانی واقیـع بێـت، بـۆیە بەدیهـاتن و دەرکەوتنـی ئەو خـاڵەی ســـــەرەوەش دەتوانێـــت ئەوە دەربخــــات کە ئەگەر وەرگێـــــڕان مەرجە لە جەوهەری خۆیـــــدا بە دوای بەدەستهێنانی لێکچوونەوە بێت لەگەڵ دەقی سـەرەکیدا، ئەوا هیچ جۆرە وەرگێڕانێک بوونی نابێت، لەبەر ئەوەی دەقی سـەرەکی لە ژیـانی دواتـری خۆیدا، لە نێو جۆرە گۆڕانکارییەکدا دەژی، ئەو ژیـانەی ئەگەر مانـای گـۆڕان و ژیـانەوەی شـتێکی زینـدووی ببـوایە، ئەوا نـاوێکی

---

دەرەوەی پەیوەنـدیی زمـانەوانییەوە بێـت، بـۆیە هەمـوو دەقێـک لە جەوهەری خۆیـدا، پۆتێنشـیەڵییانە و "بـالقوة" توانـا و نـاوک و خەسڵەتی وەرگێڕانی هەڵگرتووە و ئەمەش خۆی نیشـانەیە لەسـەر خزمایەتیی زمانەکان (وەرگێڕ).

وەهـای وەرنەدەگـرت [واتە نـاوی دەق]، تەنـانەت ئەو وشـــانەی مانـــایەکی ســـەلمێنراو و لە پێشـــەوە جێکەوتکراویشـیان هەیە، بە نێـو جـۆرە پرۆسـەیەکی باڵغبوون یان کوڵان و پێگەیشتنی دواتردا تێپەڕ دەبن. ئەوەی لە سەردەمی نووسەرێکدا بریتی بووە لە ڕەوتی ئاشکرای زمانی ئەدەبیی ئەو، ئەوا دەکرێت لە دواتردا لە ناو بچێت و ڕێگە بۆ ڕەوتە ناوەکی و ناونشینەکانی خولقانـدنی ئەدەبـی خـۆش بکـات، ئەوەی ڕۆژێـک لە ڕۆژان وەک شتێکی تازە دەبینرا، لەوانەیە دواتر ببێتە شتێکی دووبارە و بەکارهێنراو، ئەوەی ڕۆژگارێک باو بوو دەکرێت ڕۆژێک وەک شتێکی کۆن خۆی دەربخات، گەڕان بە دوای جەوهەری گۆڕانکـــــــــاریگەلێکی لەم چەشنە، هەروەها ئەو گۆڕانکارییانەی بە هەمان ئەندازە بەردەوامـن لە مانـادا، نەک لە ژیـانی تـایبەتیی خـودی زمـان و خولقێنراوەکـانی، بەڵکـو لە سـوبژێکتیڤیتە و زەینیەتـی داهاتوانیـدا – تەنـانەت لەگەڵ قبـووڵکردنی سەرەتاییترین سایکۆلۆژیزمیشدا – مانای تێکەڵکردنی هۆکـاری بنچینەیـی شـتێک لەگەڵ جەوهەرەکەیـدا دەبەخشـێت. بە دەربڕینێکـی وردتـر، بـریتییە لە ڕەتکـردنەوە و نکـۆڵیکردنی یەکێـک لە بەهێزتـرین و دەوڵەمەنـدرین پڕۆسـە مێژووییەکـان، ئەویـش بە هـۆی گرنگیبوونی بیرکردنەوەوە، تەنانەت ئەگەر هەوڵ بدەین دواین بەکارهێنانی قەڵەمی نووسەر لەسەر کاغەز وەک دواین هەنگاوی بەرهەمەکەی ئەو لە ڕێگەی کامڵبوونی

بەرهەمەکەیدا ببینین، هێشتاش ناتوانین ئەو تیۆرییە مردووە دەربارەی وەرگێڕان لە مردن ڕزگار بکەین، لەبەر ئەوەی ڕێک بەو جۆرەی ئاواز و دەلالەتی بەرهەمە مەزنە ئەدەبییەکان دوای چەندین سەدە بە تەواوی دەگۆڕێن، زمانی دایکی وەرگێڕیش دنیایەک گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و لە ناو ئەم گۆڕانکارییانەدا دەژی، لە ڕاستیدا بە هەمان شێوە وشەکانی شاعیرێک لە زمانی خۆیدا بەردەوام دەبن، تەنانەت مەزنترین وەرگێڕانیش لە چارەنووسی نووسراو ببێتە بەشێک لە گەشەی زمانی خۆی، دواجار لەگەڵ نوێبوونەوەیدا لە ناو بچێت و چیتر نەمێنێت، وەرگێڕان هێندە دوورە لە یەکسانیی نەزۆکی و بێبەرهەمیی دوو زمانی مردووەوە، کە لە نێوان هەموو فۆرمە ئەدەبییەکان، تەنها فۆرمێکە لە ئەرکە تایبەتەکەی چاودێریکردنە بەسەر سات بە ساتی گەشەکردن و باڵغبوونی زمانی بێگانە و نەخۆشییە ترسناکەکانی زمانی خۆی.

ئەگەر خزمایەتیی زمانەکان لە وەرگێڕاندایە کە خۆی دەردەخات، ئەوا ئەم کردەیە لە ڕێگەی لێکچوونی ناڕوون و ئاڵۆزی نێوان نوسخەی گونجێنراو و دەقی سەرەکیدا بەدی نایەت و تەواو ناکرێت، ڕوون و ئاشکرایە لێکچوون (Ähnlichkeit)[١٣] بە زەرووری و لە هەموو شوێنێکدا لەگەڵ خزمایەتیی [زمانەکاندا] نییە،

---

١٣ Likeness

چەمکـــــی خزمـــــایەتی (Verwandtschaft)[14] هەروەک لێـــرەدا بە کـــار هـــاتووە، لەگەڵ بەکارهێنـــانە زیـــاتر سنووردارەکەشـــیدا هاوبەشـــە: لە هەردوو بـــوارەکەدا ناکرێت لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ یەکسانیی سەرچاوەکانی هەردوو لایەنەکە پێناسـەیەکی گونجـاو بـۆ خزمـایەتی بکەیـن، ئەگەرچی بۆ پێناسەکردنی هەمـان بەکارهێنـانی سـنوورداریش چەمکـی بەرهەمهێنـانەوە و سـەرچاوە (Nachbildung und Original)[15] هێشـتا وەک شـتێک دەمێنێـتەوە کە نـاتوانین لێـی ڕابکەیـن، سـەرەڕای هەر جـۆرە پەیوەنـدییەکی مێژوویـی، لە کوێـدا دەتـوانین بـۆ خزمـایەتیی نێـوان دوو زمـان بگەڕێـین؟ بێگومـان نە لە لێکچـوونی نێـوان بەرهەمە ئەدەبییەکـان و نە تەنـانەت یەکسـانیی ئەو وشانەشـدا کە بە کـار دەهێنـرێن، بەڵکـو کـۆی خزمـایەتیی سـەروومێژوویی زمانەکـان بـریتییە لەمە: لە نێو دڵی هەر زمانێکدا وەک گشـتێک، ئامانجێک هەیە– کە ســـەرەڕای ئەمە، زمـــانێکی تـــاک و تەنهـــا خۆبەخـۆ ناتوانێـت پێـی بگـات، بەڵکـو تەنهـا لە ڕێـگەی سـەرجەمی مەبەسـتە ڕاسـتەوخۆکانی زمانەکـانەوە (کە تەواوکەری یەکتـرین) دەکرێـت پێـی بگـات: زمـانی پەتـی (die reine Sprache)[16]، لە کاتێکـدا هەمـوو ڕەگەزە تاقانەکـانی زمـانە بیانییەکـان – وشـەکان، ڕسـتەکان و

[14] Kinship

[15] reproduction and original

[16] pure language

پێکهـــــاته – به شـــــێوەیەکی دوولایەن یەکتـــــر ڕەت دەکەنەوە، بەڵام هەر ئەم زمانـــــــانه خۆیـــــــان له مەبەسـتەکانیاندا یەکتـر تەواو دەکەن، بـۆ تێگەیشـتنێکی ڕاست و دروست لەم دەستوور و یاسا بنچینەییە، کە بـریتییە لە بنچینەییتـرین یاسـاکانی فەلسـەفەی زمـان، دەبێـت جیـاوازی لە نێـو خـودی چەمکـی مەبەسـتی (intend) نێـــوان مەدلـــوول و دەلالەتکـــردن لەســـەر مەدلـوول دروسـت بکەیـن، وشـەکانی "Brot" ["نـان" بە زمـانی ئەڵمـانی] و "pain" ["نـان" بە زمـانی فەڕەنسـی]، ئەگەرچی مەبەست و مانا هەمان شتە، بەڵام شێوازی ئاماژەپێکردن یەک و یەکسان نییە، بە هۆی ئەم شێوازە جیـاوازانەی ئامـاژەکردنەوەیە کە "Brot" بـۆ کەسـێکی ئەڵمـانی مانـایەکی دیـکەی هەیە تـا "pain" بـۆ کەسـێکی فەڕەنسـی، کە بە جۆرێـک نـاتوانین ئـاڵوگۆڕی نـاوەکی بەسەر ئەم وشانەدا بهێنین؛ لە ڕاستیدا ئەم دوو وشـەیە یەکتری ڕەت دەکەنەوە، بەڵام بە وردبوونەوە لە بـابەتی مەبەست یـان هەمـان مەدلوول (ئامـاژەپێکراو)، هەردوو وشــەکە ئامــاژە بـۆ شـتێکی یەکسـان دەکەن، تەنـانەت سـەرەڕای ئەوەی شـێوازی ئامـاژەکردن یـان مەبەسـت لەم دوو وشـــەیەدا ڕووبەڕووی ئەم جـــۆرە گـــۆڕان و ئـاڵوگۆڕە بـووەتەوە، کەچـی هەریەکێـک لەو دوو زمـانە کە ئەم وشانەیان هەیە، خۆیان یەکتر تەواو دەکەن، لەو دوانەدا شـێوازی ئامـاژەکردن لە ڕێـگەی پەیوەنـدی بە مەدلوولەوە (ئاماژەپێکراو) تەواو دەبێت، لە زمانە تاقانە

و تاکەکاندا (واتا زمانە تەواونەکراوەکاندا) ئاماژەپێکراو هیچ کاتێک بەو شێوەیەی لە وشەکان و ڕستە تاکەکاندا هەیە، بە سەربەخۆییەکی ڕێژەییەوە نابینرێتەوە، بەڵکو مانای ڕاستەوخۆ لەو وەرچەرخان و ئاڵوگۆڕەدایە تا دواجار بتوانێت لە ناوەوەی هارمۆنی و هەماهەنگیی تەواوی شێوازی ئاماژەکردنەوە وەک زمانێکی پەتی دەربکەوێت، مانا یان ئاماژەپێکراو بۆ سەردەمێکی دوورودرێژ لە نێو دڵی زمانەکاندا دەمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر ئەم زمانانە بە هەمان شێواز تا دەگەن بە کۆتایی مسیانیزمی مێژووییان دەگەن، لەسەر گەشەکردنی خۆیان بەردەوام بن بە ناچاری ئەو وەرگێڕانە کە ئاگر لە ژیانی ئەبەدیی بەرهەمەکان و ژیانی بەردەوام تازەبووەوەی زمانەکان بەردەدات، چونکە ئەوە وەرگێڕانە بەردەوام گەشەی موقەدەسی زمانەکان تاقی دەکاتەوە: مانای شاراوەیان هێشتا بە چ ڕادەیەک لە وەحسییەوە دوورە، ئەم مانایە تا چ ڕادەیەک دەکرێت لە ڕێگەی هۆشیاربوون لەم دوورییەوە، نزیک بکرێتەوە؟

بێگومان دەبێت ئەوە پشتڕاست بکرێتەوە کە وەرگێڕان لە گشتێتیدا شتێک نییە جگە لە شێوازێکی کاتی بۆ ڕاهاتن و گونجان لەگەڵ نامۆبوونی زمانەکاندا، ڕێگەیەکی چارەسەری هەنووکەیی و دواجارەکییە نەک کاتی، بۆ لەناوبردن و نەهێشتنی ئەم نامۆبوونە لە دەرەوەی توانای جۆری مرۆڤایەتییە، یان هەرچۆنێک

بێت گەیشتنی ڕاستەوخۆ و بێنێوانگیر بەو ئامانجە مەحاڵە. ڕێگەی ڕاستەوخۆ، بە هۆی گەشەی ئایینەکانەوە بەدی دێت، ئەو گەشەیەی لە ناوەوەی زمانەکاندا، تۆوی شاراوەیی زمانێکی بالاتر دەچێنت، ئەگەرچی وەرگێڕان بە پێچەوانەی هونەرەوە ناتوانێت بانگەشەی نەمریی خوڵقێنراوەکانی بکات، بەلام بێگومان مەبەست و عاقیبەتەکەی بریتییە لە قۆناغێکی کۆتایی، یەکلاکەرەوە و دیاریکەری سەرجەمی داهێنانی زمانی، لە وەرگێڕاندا دەقی سەرەکی بە مانایەک خۆی بە ئاستی جۆرێک کەش، یان هەوای زمانی بالاتر و پەتیتر دەگەیەنێت؛ دیارە بە شێوەیەکی هەمیشەیی ناتوانێت لەوێدا بمێنێتەوە، بێگومان لە هەموو ڕەهەندەکانی بەرهەمیشدا ناکرێت بگات بەم ئاستە بەرزە، لەگەڵ ئەوەشدا لانیکەم دەتوانێت بە شێوەیەکی نائاسایی و دەگمەن ئاماژە بە ڕێگەی کۆتایی ئەم هەرێمە بکات: مەیدانی لە پێشەوە دیاریکراو و تا ئێستا دەستپێنەگەیشتی پێکەوەبوونی و بەدیهاتنی زمانەکان، هەرگیز دەقی سەرەکی ناتوانێت لە تەواوێتیی خۆیدا هەنگاو بۆ ئەو شوێنە بنێت، بەلام ئەوەی لە ڕاستیدا لەم هەرێمەدا دەردەکەوێت، هەمان ئەو ڕەگەزەی ناو وەرگێڕانە کە دەچێتە سەرووی ئاستی گواستنەوەی بابەت و مەبەستەوە، دەکرێت ئەم ناوکە بە باشترین

شـێوە وەک هەمـان ڕەگەزی نـاو وەرگێـڕان پێناسـە بکرێـت کە نـاچێتە ژێربـاری وەرگێڕانێکـی دیـکەوە[17]، ئەگەرچی ڕێی تێدەچێت مرۆڤ بەگوێرەی هێز و توانای خۆی بەشێکی ئەم بابەت و هۆکاری بەرهەمە بە دەست بهێنێـت و وەری بگێڕێـت، بەڵام ئەو ڕەگەزەی خەمـی سـەرەکیی وەرگێـڕی ڕاسـتەقینە بـوو، بە تەواوی لە دەرەوە و لە دوورەوە دەوەستێت و دەستی پێ ناگات، چونکە پەیوەندیی ناوەڕۆک و زمان لە دەقی سەرەکیدا تەواو جیـاوازە لە پەیوەنـدییەکی لەم چەشـنە لە وەرگێڕاندا، لە هەمان کاتدا ناوەڕۆک و زمان لە دەقی سـەرەکیدا جـۆرێکی تـایبەتیی یەکێتـی پێـک دەهێـنن، هاوشـێوەی میـوە و پەلکـی (بەرگـی) میـوە زمـانی وەرگێـڕان نـاوەڕۆکی خـۆی وەک عەبـایەکی پاشـایەتی دەگـرێتە خـۆی، لەبەر ئەوەی وەرگێـڕان ئامـاژە بە زمانێک دەکات بەرزترە لە زمانی خۆی و بەم جۆرە لە بەرانـبەر نـاوەڕۆکی تـایبەتیی خۆیـدا بە شـێوەیەکی نەگونجـاو نابەرهەڵسـتکار و نـامۆ دەمێنێـتەوە، ئەم جیابوونەوەیە دەبێتە بەربەست لە بەردەم وەرگێڕاندا و لە هەمان کاتدا دەیکاتە شتێکی زیادە و ناگرنگ، لەبەر ئەوەی وەرگێڕانـی هەر بەرهەمێـک کە ڕیشـەی لە نێـو سەردەمێکی تایبەتیی مێژووی زماندا هەیە، تەنها وەک ڕەهەندێکی تایبەتیی ناوەڕۆکی بەرهەم دەتوانێت ببێتە

---

[17] واتا دەق یەک جار قابیلی وەرگێڕانە، نەک دوو جار (وەرگێڕ).

نـوێنەری وەرگێـڕان بـۆ زمانەکـانی دیـکە، لەم ڕووەوە وەرگێـڕان بە شـێوەیەکی ئـایرۆنی یـان کینـایی، دەقـی سەرەکی لە بوارێک یان مەیدانێکی زمانی – لانیکەم لەم ڕوانـگەیەوە – یەکـالاکەرەوەتر و وردتـر دەخـاتە ڕوو، چـونکە دەقـی سـەرەکی چیتـر ناتوانێـت بە هـۆی هـیچ جۆرە وەرگێڕانێکی دووەمەوە ببێتە شـوێنگرەوە، بەڵکو تەنها لێرەوەیە دەقی سـەرەکی دەتوانێت سـەرلەنوێ و لە زمانەکـانی دیـکەدا گەشـە بکـات و بەرز ببێـتەوە، لە خـــۆوە نیـــیە کە وشـــەی ئـــایرۆنی لێـــرەدا ڕۆمانسیسـتەکانمان بە بیـر دەهێنێـتەوە، ئەوان کەمێـک زیـاتر لە ئەوانـی دیـکە خـاوەن بینینێکـی نـاوەکی بـوون سـەبارەت بە ژیـانی بەرهەمە ئەدەبییەکـان، ئەو ژیـانەی وەرگێـڕان باشـترین بەڵـگەیە لەسـەری، دیـارە ئەوان بە ســـەختی وەرگێڕانیـــان لەم مانـــایەدا دەبینیـــیەوە و دەیانناسی، بەڵام هەمـوو سـەرنجی خۆیـان خسـتە سـەر ڕەخنەوە، واتا هەمان ئەو شتەی فاکتەرێکی دیکە (بەڵام بچـووکتر) لە ژیـانی دواتـری بەرهەمە هونەرییەکانـدا دەستنیشـان دەکـات، بەڵام لەگەڵ ئەوەی ڕۆمانتیکەکـان لە نووسـینە تیۆرییەکـانی خۆیانـدا بە ڕاسـتی بیریـان لە وەرگێـــڕان نەکـــردەوە، کەچـــی وەرگێـــڕانە مەزن و بەهادارەکانیـان بەڵـگەیە لەسـەر تێگەیشـتنی ئەوان لە سروشـت و گرنگیـی بنچینەیـی ئەم فـۆرمە ئەدەبیـیە. بەڵگەیەکـی زۆر هەیە دەری دەخـات ئەم تێگەیشـتنە بە زەرووری لای شـاعیر لە هەمـوان قـووڵتر نییە؛ چ بگـات

بەوەی ئەو لە هەموان کەمتر خاوەن تێگەیشتنێکی وەها بێـت، تەنـانەت مێـژووی ئەدەبیـاتیش ئەم تێگەیشـتنە نەریتییە پێشنیار ناکات کە شاعیرە مەزنەکان وەرگێڕی مەزنیش بوون، شـاعیرانی مامناوەند و ئەوانەی کەمتر گرنگیی وەرگێڕی ناگرنگ و بێبەهـا بـوون، ژمـارەیەکی زۆری نووسـەرانی دیـاری وەک لۆتەر، ڤۆس و شـلێگل وەک وەرگێـــــڕ لە ڕادەبەدەر گرنگتـــــرن بەراورد بە نووســـەربوونێکی داهێــنەرانە، لە نێوانیانــدا کەســانی مەزنـی وەک هۆڵـدەرلین و شـتێفان گیـۆرگە، سـەرەڕای فراوانی و پانتایی دەستکەوتەکانیان کەچی ناکرێت تەنها لە ڕیـزی شـاعیراندا دابنـرێن، بە تـایبەت ئەگەر ئەوان وەک وەرگێـڕیش ببینـین، مـادام وەرگێـڕان فـۆرمێکی تایبەت بە خۆیەتی پێویستە ئەرکی وەرگێڕیش ئەرک و پەیامێکی تایبەت بە خۆی و تەواو جیاواز بێت لە ئەرک و پەیامی نووسەر یان وەرگێڕ.

ئەم پەیـامە بـریتییە لە دۆزیـنەوە و گەیشـتن بەو فۆرمە تایبەتەی مەبەست یان ئاماژەی سەر بە زمانی مەبەست کە دەنگدانەوەی دەقی سەرەکی لەو زمانەدا دروستی دەکات، ئەمە تایبەتمەندییەکی وەرگێڕانە کە بە تەواوی و لە بنچیـــنەوە لە کـــاری شـــاعیرەوە جیـــا دەبێـتەوە، چـونکە مەبەسـتی شـاعیر تـایبەت نیـیە بـۆ خـودی زمـان، یـان تەواوێتیـی زمـان، بەڵکـو تەنهـا و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئامانجەکەی هەندێک لە ڕەهەندە سیاقییەکانی زمانێکی تـایبەتە، بە پێچەوانەی بەرهەمی

ئەدەبییەوە وەرگێڕان ناکەوێتە ناوەندی دارستانی زمانەوە، بەڵکو لە شوێنێکی دەرەوەیدا ڕووبەڕووی ئەم دیوارە یان تاوێرە پڕ لە درەخت و دارە وەستاوە بێ ئەوەی پێ بنێتە ناویانەوە، دەنگێک دەنێرێتە ناویانەوە کە ئامانجەکەی بریتییە لەو خاڵە تاقانەیە کە تێیدا دەنگدانەوەی دەقی سەرەکی دەتوانێت لە زمانی خۆیدا بەردەوام جووڵەکانی بەرهەم لە زمانی بێگانەدا بخوڵقێنێت، نەک تەنها مەبەستی وەرگێڕان جیایە لە مەبەستی بەرهەمێکی شیعری – مەبەستی وەرگێڕان سەر بە زمانێکە وەک شت و بەرهەمێکی تاقانەش لە زمانێکی بێگانەدا تەنها وەک خاڵی دەستپێک هەڵدەبێژێرێت – بەڵکو بە گشتییش وەرگێڕان وەک هەوڵێکی تەواو و بە شێوەیەکی چۆنایەتییانە جیاواز حیساب دەکرێت، مەبەستی شاعیر مەبەستێکی خۆڕسک سەرەتایی و ڕووتە؛ مەبەستی وەرگێڕ لێهەڵێنجان، دوایەکی و خەیاڵییە، لەبەر ئەوەی دەستکەوتی گەورەی کارەکەی ئەو یەکخستن و ئاوێتەکردنی زمانە جۆراوجۆرەکانە لە زمانێکی تاقانەی ڕاستەقینەدا، ئەمە زمانێکە تێیدا ڕستەکان سەربەخۆ، بەرهەمە ئەدەبییەکان و بڕیارە ڕەخنەییەکان هەرگیز پەیوەندی لەگەڵ یەک ناگرن، یان یەکتر ناگەیەنن، چونکە ئەوان وەک شتێکی سەر بە وەرگێڕان دەمێننەوە نەک سەربەخۆ بن؛ بەڵام لە ناوەوەی ئەم زمانەدا خودی زمانەکان کە لە شێوازی ئاماژەکردنیاندا یەکتر تەواو دەکەن و یەک

دەگرن (واتا هارمۆنیزە دەبن)، ئەمانەش کۆ دەبنەوە، ئەگەر شتێک بە ناوی زمانی ڕاستەقینە بوونی هەبێت، واتا هەمان کۆگا – بەتاڵ لە گرژی و لەوانەیە بێدەنگ – لەو نهێنییە ئامانجدارانەی کە سەرجەمی بیرکردنەوە بە دوایاندا دەگەڕێت، ئەوا بە ناچاری ئەم زمانە حەقیقییە هەمان زمانی ڕاستەقینەیە، هەمان زمان کە پێشبینییەکەی و شێوازی وەسفکردنەکەی تاکە هیوایەکە کە فەیلەسووف پێی هەیەتی، بە شێوەیەکی شاراوە و کۆرپەلەیی لە نێو دڵی وەرگێڕانەکاندا بوونی هەیە، نە هیچ خوداوەندێکی ئیلهامبەخشی فەلسەفە بوونی هەیە و نە هیچ خوداوەندێکی ئیلهامبەخشی وەرگێڕان لەئارادایە، بەڵام ئەم دوانە بە پێچەوانەی ئەوەی هونەرمەندانی سەنتیمانتاڵیست بیری لێ دەکەنەوە، شتێکی قێزەون و پووچ نییە، لەبەر ئەوەی بلیمەتیی فەلسەفی بوونی هەیە کە خەسڵەتە دیاریکەرەکەی حەزکردنە لەو زمانەی خۆی لە وەرگێڕاندا ئاشکرا دەکات: "کەموکورتیی زمانەکان بریتییە لە پەرتەوازەییان، ئێمە زمانێکی باڵامان نییە؛ بیرکردنەوە واتا نووسین بەبێ هیچ جۆرە کەرەستە و پێویستییەکی لاوەکی، یان تەنانەت بەبێ چرپەچرپکردن، وشەی نەمر هەمیشە بە بێدەنگی دەمێنێتەوە، پەرتەوازەیی و جۆراوجۆریی ئیدیۆمەکان لەسەر زەوی هەموو کەسێکی مەحرووم کردووە لە هێنانە سەر زمانی ئەو وشانەی جگە لەم شێوەیە لە ڕێگەی

لێدانێکەوە وەک حەقیقەت بەرجەستە دەبوون." ئەگەر ئەوەی مالارمێ لەم ڕستەیەدا ئاماژەی پێ دەکات، فەیلەسووفێک بەتەواوی بتوانێت دەرکی بکات، ئەوا وەرگێڕان کە پاشماوەکان و تۆوەکانی ئەم جۆرە زمانەی هەڵگرتووە، دەکەوێتە شوێنێکی نێوان شیعر و ڕێباز یان دۆکترینەوە، بەرهەم و دەرکەوتەکەی بەراورد بەم دوانە توانا و لە گومان بەدەرییەکی کەمتری هەیە، بەڵام هەمان بڕ دواجار شوێنپێی خۆی لە مێژوودا بەجێ دەهێڵێت.

ئەگەر لەژێر ئەم ڕۆشناییەدا سەیری ئەرک و پەیامی وەرگێڕ بکەین، پێدەچێت ڕێگەکانی بەرەو بەدیهاتن و چارەسەرکردنی ناڕوونتر و ناقابیلی دزەکردن بن. لە ڕاستیدا پێدەچێت کێشەی چاندنی تۆوی زمانی پەتی لە وەرگێڕاندا لە چارە بەدەر بێت و مەحاڵ بێت لە ڕێگەی هیچ جۆرە ڕێگەچارەیەکەوە بڕیاری لەسەر بدرێت، لەبەر ئەوەی مەگەر کاتێک بەرهەمهێنانەوەی وردی مانا چیتر یەکلاکەرەوە نەبێت، ئایا بنەمای وەها ڕێگەچارەیەک دەبێتە دووکەڵ و بە هەوادا دەچێت؟ لە ڕاستیدا ڕەتکردنەوەی ئەم حاڵە مانای سەرجەمی بابەتەکانی سەرەوەیە، چەمکە نەریتییە باوەکان لە هەر جۆرە لێکۆڵینەوەیەکدا دەربارەی وەرگێڕان بریتین لە وەفاداری و ئازادی– ئازادی لە بەرهەمهێنانەوەی ڕاستگۆیانەی مانادا و وەفاداربوون بەرانبەر بەو وشە و دەربڕینەی خۆی لە

خزمەتـی یەکەمـدایە، پێـدەچێت ئەم ئایـدیایانە چیتـر بە کەڵکــی ئەو تیــۆر و ڕوانیــنە نەیەن کە لە وەرگێڕانــدا بـــریتییە لە گەڕان بـــۆ شـــتێکی دیـــکەی جیـــا لە بەرهەمهێنانەوەی مانا، دیارە بەکارهێنانی نەریتی دەبێتە هـۆی ئەوەی ئەم چەمکانە بەردەوام لە دوژمنـایەتییەکی هەمیشـەییدا لەگەڵ یەکتـری دەربـکەون، ئایـا بە ڕاسـتی وەفاداری چ خزمەتێک بە کـاری گواسـتنەوە و گەیانـدنی مانـا دەکـات؟ وەفـاداری لە وەرگێڕانــی وشــە تاقـانە و تاکەکاندا بە ڕادەیەک هیچ کاتێک ناتوانێت ئەو مانـایە بە تەواوی بەرهەم بهێنێتەوە کە لە دەقی سەرەکیدا هەیـانە، لەبەر ئەوەی ئەم مانـــــایە بە هـــــۆی ئەو ئامـــــاژە شـــاعیرانەییەوە کە لە دەقــی ســـەرەکیدا هەیە کــورت نـــابێتەوە بــۆ مەدلــوول یـــان ئامـــاژەپێکراو، بەڵکــو لە گەیشـتنیدا بە وەهـا ئامـاژەیەک قەرزاربـاری چۆنـایەتیی پەیوەندیی مەدلوولە بە شێوازی دەربڕین یان ئامـاژە و دەلالەتـی وشـە تاکەکـانەوە، خەڵـک بە گشـتی بەم جـۆرە ئەم خـــاڵە دەردەبـــڕن کە وشـــەکان گەلێـــک دەلالەتـــی نـاوەکیی سـۆزدارییانەیان هەیە، لە بنچینـەدا وەرگێڕانـی حەرفیی سینتاکس، هەر جۆرە بەرهەمهێنانەوەیەکی مانا ڕاسـتەوخۆ لە نـاو دەبـات، مەترسـیی ئەوە هەیە ببێـتە هــۆی هەڵەتێگەیشــتن یـــان لە بنچیــنەدا تێنەگەیشــتن، ســـــەدەی ١٩ وەرگێڕانەکـــانی سۆفیکلیســـــی لە لایەن هۆڵـدەرلینەوە لە ئاسـتی نمـوونەی ترسـناکی ئەم جـۆرە وەرگێڕانە حەرفییانە بە خـۆیەوە بینـی، دواجـار ڕوون و

ئاشــكرایە وەفــاداری لە بەرهەمهێنــانەوەی فۆرمــدا لە کۆتاییدا دەبێتە بەربەستی بەردەمی بەرهەمهێنانەوەی مانــا، کەواتە وەرگێڕانــی حەرفــی لە حەزی پاراســتنی مانــاوە ســەرچاوە ناگرێــت، ئــازادیی بــێ کۆتوبەنــدی وەرگێــڕە خراپەکــان زیــاتر خزمەتکــاری ئەم جــۆرەی پاراستنی مانان نەک پاراستنی ئەدەبیات و زمان، بۆیە خواستی وەرگێڕانــی حەرفــی – کە هــۆ و پاســاوەکەی ڕوونە و بناغە و بنچینەکەی تەواو نــاڕوون و تــاریکە – دەبێــت بە زەرووری لە ســیاقێکی ڕازیــکەرانەدا دەرک بکرێــت، ڕێــک بەو جــۆرەی پارچەکــانی گــۆزەیەک بــۆ لکانــــدنیان بە یەکتــــرییەوە دەبێــــت لە بچــــووکترین پێکهێنەرەکانیانـــدا لەگەڵ یەک بگـــونجێن، ئەگەرچـــی پێویســتیش ناکــات تەواو وەک یەک بــن، وەرگێــڕانیش دەبێت بە شــێوەیەکی عاشــقانە و تــا دوایــن وردەکاری، شێوازی دەلالەتی دەقی سەرەکی ئاوێتەی زمانی خۆی بکــات، تــا بەم شــێوەیە هەردووکیــان، هەم وەرگێــڕان و هەم دەقــی ســەرەکی هاوشــێوەی پــارچە پێکهێنەرەکــانی گــۆزەیەکی تەواو وەک پارچەکــانی زمــانێکی گەورەتــر بناســرێنەوە، هەر لەبەر ئەم هــۆیە دەبێت وەرگێــڕان بە ڕادەیەکــــی زۆر واز لە خواســــتی گەیانــــدن یــــان گواســتنەوەی مانــا بهێنێــت، لەم کــارەدا دەقــی ســەرەکی تەنها لەبەر ئەوەی لای ئەو گرنگیی هەیە، کە لە پێشەوە ئەرکی پێکەوەدانان و لکاندن و دەربڕینی ئەوەی دەبێت بگەیەنرێــت، دەبێــت لە ئەرکــی وەرگێــڕ و بەرهەمەکەی

دوور بێت. لە بواری وەرگێڕانیشدا دەستەواژەی لە سەرەتادا وشە بوو ڕاستە، لە لایەکی دیکەوە زمانی وەرگێڕان دەتوانێت – یان لە ڕاستیدا دەبێت – لە پەیوەندییدا بە ماناوە خۆی ئازاد بکات، تا دەنگێک ببەخشێت بە مەبەستداریێتیی دەقی سەرەکی، دەنگێک بە مەبەستداریێتییەکەی نەک وەک بەرهەمهێنانەوە، بەڵکو وەک هارمۆنی، وەک تەواوکەرێک بۆ ئەو زمانەی کە ئەم مەبەستداریێتییەی تێدا دەردەبڕێت، وەک مەبەستداریێتییەک کە هیی خۆیەتی، بۆیە کاتێک دەگوترێت ئەو وەرگێڕانە (بە تایبەت لە سەردەمی پەیدابوونیدا) بە جۆرێکە وەک بڵێیت دەقی سەرەکی بە هەمان زمان نووسراوە و گومانی وەرگێڕانی لێ ناکرێت، ئەوا بە مانای ستایشکردنێکی گەورەی ئەو وەرگێڕانە نایەت، بەڵکو مانا و گرنگیی وەفاداری کە وەرگێڕانی حەرفی دای دەهێنێت، بریتییە لەوەی بەرهەمەکە حەزی گەورە بۆ کۆبوونەوەی زمانەکان و تەواوکردنیان پیشان دەدات و دەینوێنێتەوە، وەرگێڕانی حەقیقیی ڕوون و شەفافە، دەقی سەرەکی ناشارێتەوە، نابێتە بەربەست لە بەردەم ڕووناکییەکەیدا، بەڵکو ڕێگە دەدات تا زمانی پەتی بەو جۆرەی وەک بڵێیت بە هۆی میدیای تایبەت بە خۆی بەهێز بووە، هەرچەندە دەتوانێت تیشک بخاتە سەر دەقی سەرەکی، ئەم شتەش زیاتر لە هەر شتێکی دیکە لە ڕێگەی وەرگێڕانی حەرفیی سینتاکسەوە بەدی دێت، وەرگێڕانێک ئەوە

پیشان دەدات کە نەک ڕستەکان، بەڵکو وشـەکان یەکەی دەسـتپێکی بەردەمـی وەرگێڕن، لەبەر ئەوەی وەرگێـڕان وەک دیوارێـــک وایە دەبێـــتە بەربەســـت لە بەردەم پەیوەنـدیی بە زمـانی دەقـی سـەرەکییەوە، وەرگێڕانـی حەرفییش ڕێگەیەکە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە.

وەفـاداری و ئـازادی (Treue und Freiheit) لە وەرگێڕانـدا بە شـێوەیەکی نەریتـی وەک ڕەوتگەلێکـی دژبەرخـواز سـەیر کـراون، لە ڕواڵەتـدا ئەم تەفسـیرە قـووڵترە، دەربـارەی یەکێکیـان ناکرێـت هەردووکیـان بەیەکەوە ئاشـــت بکـــاتەوە، لە ڕاســـتیدا پێـــدەچێت ســـەرجەمی مـــاف و ڕەوایەتیـــی ئەوی دیکەیـــان ڕەت بکـــاتەوە و ژێرپێـــی بخـــات، لەبەر ئەوەی مەبەســـت لە ئـازادی چییە ئەگەر نەک بەرهەمهێنـانەوەی مانـا، بەڵکو خۆی بەم جۆرە و بە زەروورى دەبێت ڕۆڵی یاسـادانەر وەلاوە بنێـت؟ تەنهـا بە جۆرێـک کە بتـوانین مانـای بەرهەم و شـاکارێکی زمـانی لەگەڵ ئەو زانیارییـانەی دەیگەیەنێت بە یەکسان سەیر بکەین، ئەوسا ڕەگەزێکی دوایەکـی و یەکـالاکەرەوە لە سـەرووی هەر جـۆرە گەیانـدنێک دەمێنێـتەوە، ڕەگەزێـک بە ڕاسـتی نزیـک و لەگەڵ ئەوەشدا تا دوا ڕادە دوور، شـاراوە یـان ناقـابیلی دەستنیشانکردن، پارچە پارچە یان بەهێز و دەسەلاتدار، لە نێـو سـەرجەمی زمـان و خـوڵقێنراوە زمانییەکانـدا وێـڕای ئەو شـتەی دەکرێت بگـوازرێتەوە و بگەیەنرێت، ئەوا شتێکیش هەیە ناگەیەنرێت و نـاگوازرێتەوە، شـتێک

کە بەستراوەتەوە بەو سیاقەی تێیدا سەر هەڵدەدات، یان دەست بە بەڕەمزیکردن دەکات، یان بە ڕەمزی دەکرێت، یەکەمیان تەنها لە بەرهەمە زمانییە دواییهاتووەکاندا ڕوو دەدات، دووەمیش لە دەقی وەرچەرخانی خودی زمانەکاندا، ئەو شتەی هەوڵ دەدات خۆی لە دەقی وەرچەرخانی زمانەکاندا بنوێنێتەوە (یان لە ڕاستیدا خۆی بەرهەم بهێنێت)، بریتییە لە هەمان ناوکی زمانی پەتی، سەرەڕای ئەوەی ئەگەرچی ئەم ناوکە لە بواری ژیاندا وەک ئەو شتە لەئارادایە کە خۆی بە ڕەمزی بووە، بەڵام بە شێوەیەکی شاراوە و پارچە پارچە لە نێو دڵی بەرهەمهێنراوە زمانییەکاندا تەنها لە فۆرمی توانای بەڕەمزیکردنی خۆیدا دەمێنێتەوە، لە هەمان کاتدا کە زمانە جیاوازەکان ئەو جەوهەرە ئامانجدارە (واتا هەمان زمانی پەتی) تەنها بەستراوەتەوە بە ڕەگەزە زمانناسی و گۆڕان و وەرچەرخانەکانیانەوە، بەڵام لە بەرهەمە زمانییەکاندا مانایەکی قورستر و نامۆ هەڵدەگرن، ڕزگارکردنیشی لەم بارە گۆڕینی شتی بەڕەمزیکەر (symbolizes) بۆ خودی شتی بەڕەمزیکراو (symbolized)، دۆزینەوەی زمانی پەتی بە شێوەیەکی تەواو فۆرمولەبوو، لە ناوەوەی شەپۆلی زمانیدا بریتییە لە هەمان توانای مەزن و تاقانەی وەرگێڕان، لەم زمانە پەتییەدا کە چیتر ئاماژە بە هیچ شتێک ناکات، یان هیچ شتێک دەرنابڕێت، بەڵکو وەک وشەی بێ دەربڕین و داهێنەر، هاومانای

هەمان ئەو شتەیە کە مەبەستی هەموو زمانەکان پێیەوە بەستراوەتەوە، دواجار سەرجەمی زانیارییەکان تەواوی مانـــا و کـــۆی مەبەســـت بەو تـــوێژە دەگەن کە لە چارەنووسیان نووسراوە لەوێدا بزر ببن و بسڕرێنەوە، ڕێک لێرەوەیە کە ئازادی لە وەرگێڕاندا ڕەوایەتییەکی نوێ و باڵاتر بە دەست دەهێنێت، ئەم ڕەوایەتییە ئیتر لە نێو دڵی مانای ئەو شتەوە سەرچاوە ناگرێت کە دەبێت بگەیەنرێت، چونکە ئەرکی وەفادارییش ڕزگار بوونە لە هەمان مانا، بەڵکو زیاتر لەوە، ئازادی بەهای خۆی لە خزمەتکردنـــدا بە زمـــان ڕێـــک لەو کـــاریگەرییەدا دەسەلمێنێت کە لەسەر زمانی خۆی دای دەنێت، ئەرک و پەیـامی وەرگێـڕ بـریتییە لەوەی لە بـوار و مەیـدانی زمانی خۆیدا ئەو زمانە پەتییە ئازاد و ڕەها بکات کە لە نێو زمانە بێگانەکاندا دوور خراوەتەوە و ئەسیر کراوە، زمانێکی زیندانیکراو لە بەرهەمێکدا لە کۆمەکی دووبارە خوڵقانـدنەوەی ئەو بەرهەمە ئـازاد بکـات. وەرگێـڕ بە هـۆی گەیشـتن بە زمـانی پەتـی بەربەسـتە خـراپ و بەسەرچووەکانی زمانی خۆی تێک دەشکێنێت: لۆتەر، ڤـۆس، هۆڵـدەرلین و گیـۆرگە سـنوورەکانی زمـانی ئەڵمانییان فراوان کردووە، ئەوەی بۆ مانا لە ڕوانگەی گـــرنگییەوە لە پەیوەندیـــدا بە دەقـــی ســـەرەکی و وەرگێـڕانەوە دەمێنێـتەوە، دەکرێـت لە ڕێـگەی ئەم لێکچـوونەی خـوارەوە دەرببڕرێـت: ڕێـک بەو جـۆرەی هێڵی لێکەوتە لەمسی بازنەکە بە جۆرێکی تێپەڕ تەنها لە

خاڵێکدا دەکات و لە هەمان لەمسکردندایە نەک خاڵەکە، کە یاسایەک دادەمەزرێت کە هێڵەکە لە پەیڕەوکردنیدا، ڕەوتی ڕاستەوخۆی خۆی تا کۆتایی دەگرێتە بەر، وەرگێڕانیش دەقی سەرەکی بە شێوەیەکی تێپەڕ و تەنها لە خاڵی بێکۆتایی بچووکی مانادا لەمس دەکات، تا بەم جۆرە بەگوێرەی یاسای وەفاداری، ڕەوتی تایبەتیی خۆی لە ئازادیی هەڵچوونی زمانیدا بگرێتە بەر و لەسەر ئەم هێڵە بڕوات و بەردەوام بێت، ڕودۆلف پانڤیتز دەلالەتی ڕاستەقینەی ئەم بەشەی ئازادیی دیاری کردووە، ئەویش بێ ئەوەی بە ڕاشکاوی ناوی لێ بنێت یان جەوهەرێکی بداتە پاڵ، تێبینییەکانی ئەو لە کتێبی قەیرانی کولتووریی ئەورووپی[18] لەگەڵ تێبینییەکانی گۆتە لەسەر دیوانی خۆرئاوایی - خۆرهەڵاتیی خۆیدا، باشترین شتێکە لە ئەڵمانیا دەربارەی تیۆریی وەرگێڕان بڵاو بووبێتەوە، پانڤیتز دەنووسێت: "وەرگێڕانەکانی ئێمە (تەنانەت باشترینیان) بناغەکەیان لەسەر بنچینەیەکی هەڵە دادەنێن، ئەوان دەیانەوێت هیندی، یۆنانی و ئینگلیزی بکەنە ئەڵمانی، بە پێچەوانەی ئەوەی ئەڵمانی بکەنە هیندی، یۆنانی و ئینگلیزی، وەرگێڕەکانمان ڕێزێکی زۆر زیاتریان بۆ بەکارهێنانی زمانی خۆیان هەیە نەک بۆ ڕۆحی بەرهەمەکانی بێگانە، هەڵەی بنچینەیی وەرگێڕ ئەوەیە کە لەبری ئەوەی ڕێگە

[18] Die Krisis der europäischen Kultur

بدات زمانەکەی بە شێوەیەکی بەهێز کاریگەر بێت بە زمانی بێگانە، کەچی هەڵومەرجی ڕێکەوتکردی ئەم زمانەی خۆی دەسەلمێنێت. ئەو [وەرگێڕ] بە تایبەت کاتێک لە زمانێکی زۆر دوور لە زمانی خۆیەوە دەست بۆ وەرگێڕان دەبات، دەبێت بگەڕێتەوە بۆ ڕەگەزە یەکەمینەکانی خودی زمان و تا ئەو خاڵە بچێتە پێشەوە کە بەرهەمەکە وێنە و ئاوازەکە یەک بگرن و هارمۆنی بە دەست بهێنن. بە گشتی ئەوان ئاگایان لەم خاڵە نییە کە ئەم شتە تا چ ڕادەیەک دەگونجێت، هەر زمانێک تا چ ئاستێک دەتوانێت گۆڕانی بەسەردا بێت، زمانێک لە چ ڕوویەکەوە جیاوازیی لەگەڵ زمانێکی دیکەدا هەیە؟ کەم تا زۆر بەو جۆرەی دیالەکێکتەک لەگەڵ دیالەکتێکی دیکە جیاوازیی هەیە؛ وێڕای ئەمە، ئەم خاڵەی دواییە تەنها کاتێک ڕاستە کە بە شێوەیەکی تەواو بە جیدی لە زمان بڕوانین و بە شێوەیەکی خێرا و زووتێپەڕ نەیبینین و مامەڵەی لەگەڵ نەکەین."

ئایا ئەوەی وەرگێڕان بە چ ڕادەیەک دەتوانێت سروشتی ئەم شێوازە بپارێزێت، ئەم شتە بە شێوەیەکی ئۆبژێکتیڤ لە لایەن خەسڵەتی هەبوونی وەرگێڕانی ناو دەقی سەرەکییەوە دیاری دەکرێت، هەرچەندە بەها و پێگەی زمانی سەرەکی کەمتر بێت، هەرچەندە سروشتی گەیاندنی پەیامەکەی دەوڵەمەندتر بێت، دواجار بە ناچاری کایە و زەوییەکی تەواو نەزۆکتر و شۆرەکاتییە بۆ وەرگێڕان، تا ئەو شوێنەی

زاڵبوون و باڵادەستیی تەواوەتیی ناوەڕۆک، بێ ئەوەی هەڕەمێک بێت بۆ وەرگێڕانێکی دیار، وەرگێڕان مەحاڵ دەکات. هەرچەندە ئاستی بەرهەم باڵاتر بێت زیاتر قابیلی وەرگێڕان دەبێت، تەنانەت ئەگەر پەیوەندیی وەرگێڕان بە مانای دەقەکەوە لە ڕادەبەدەر ڕابکات و هەنووکەیی بێت، هەڵبەت ئەم خاڵە تەنها دەربارەی دەقە سەرەکییەکان ڕاستە، لە بەرانبەردا وەرگێڕان دەبنە ناقابیلی وەرگێڕان، بەڵام نەک بە هۆی هەبوونی هیچ جۆرە سەختییەکی ناوەکی، بەڵکو بە هۆی ئەوەی مانا بە شێوەیەکی فراوان بە وەرگێڕانەکەوە دەلکێت، وەرگێڕانەکانی هۆڵدەرلین بە تایبەت بۆ دوو بەرهەمی تراژیدیی سۆفیکلیس، بریتین لە مۆرکێکی سەلماندنی ئەم خاڵە و هەر ڕەهەندێکی بنچینەیی دیکەش دەسەلمێنن. لەم وەرگێڕانانەدا هارمۆنی و هەماهەنگیی زمانەکان بە ڕادەیەک قووڵە کە زمان هەر وەک چۆن مانا لەمس دەکات، کە با لەگەڵ ئامێری سازی ئایۆلی دەیکات، وەرگێڕانەکانی هۆڵدەرلین مۆدێلەکانی یەکەم فۆرمی تایبەت بە خۆیانن، پەیوەندیی ئەوانە تەنانەت بە تەواوترین شێوازەکانی گواستنەوە و گەیاندنی دەقەکان هاوشێوەی پەیوەندیی مۆدێلی یەکەمە بە نموونەوە، بەراوردکردنی وەرگێڕانەکانی هۆڵدەرلین و بۆرخارت بۆ قەسیدەی سێیەمی پیندار بەڵگەیە لەسەر ئەم خاڵە، ڕێک بەم هۆیەوە وەرگێڕانەکانی هۆڵدەرلین بە شێوەیەکی تایبەت کەوتوونەتە بەردەم مەترسییەکی

گەورە و بنچینەیـــیەوە کە لە نـــاو دڵـــی هەمـــوو وەرگێڕانەکانـدا ئامـادەیی هەیە، واتـا مەترسـیی ئەوەی دەروازەکـانی ئەو زمـانەی بەو ڕادەیە فـراوان بـووە و هەمـوار کـراوە و دەسـتکاری کـراوە لە یەک بـدرێن، وەرگێـڕ لە بێـدەنگییەکی ڕەهـادا زینـدانی بـکەن، وەرگێڕانەکـانی هۆڵـدەرلین بـۆ دەقەکـانی سـۆفیکلیس دوایین بەرهەمی ئەو بوو: لەو بەرهەمانەدا مانا لە دۆڵ و چاڵێکەوە بۆ دۆڵ و چاڵێکی دیکە دەخزێت، تا دواجار لە قووڵایی بێکۆتایی زماندا بزر بێت، بەڵام وەستانێک بـوونی هەیە ئەگەرچـی ئەم توانـایەی وەسـتان (stop) جـگە لە دەقـی کتێبـی پیـرۆز بە هـیچ دەقێکـی دیـکە نەبەخشراوە، دەقێک تێیدا مانا چیتر پەخشنامەیەک بۆ ڕەوتـی زمـان و ڕەوتـی سـرووش نیـیە، مـادام دەق لە خەسـڵەتە تەواو یەکسـانەکەیدا بەبـێ هـیچ جـۆرە نێـوانگیرییەکی مانـا ڕاسـتەوخۆ بەشـداری لە زمـانی ڕاسـتەقینەدا، واتـا لە خـودی حەقـیقەت یـان ڕێبـازدا دەکات، بۆیە بە حەتمی ئەم دەقە بەبێ هیچ کۆتوبەندێک وەردەگێڕرێـت، یـان خەسـڵەتی وەرگێڕانـی هەیە. وەرگێڕانـی بەم جـۆرە چیتـر خـزمەت بە ئایـدیاڵی دەق ناکـات، بەڵکـو بە هـۆی زمانەکـانەوە کـار دەکـات، دووەمیـان پێویسـتی بە متمـانە و کرێـدیتی بێسـنووری وەرگێـڕان هەیە، چـونکە ڕێـک بەو جـۆرەی لە دەقـی سـەرەکیدا زمـان و وەحـی بـێ هـیچ گـرژییەک بەیەک دەگەن، بۆیە دەبێت وەرگێڕانیش وەک فۆرمی گێڕانەوە

و نوسـخەیەکی نـاو هێڵـی (interlinear version)، لەگەڵ دەقـی سـەرەکیدا یەک بگرێـت، ئەو نوسـخەیەی تێیـدا وەرگێڕانـی حەرفـی و ئـازادی یەکیـان گرتـووە، چـونکە تەواوی دەقە مەزنەکـان بە ڕادەیەک لە نێـوان دێڕەکانیاندا وەرگێڕانی هێزەکییانەی خۆیان هەڵگرتـووە؛ ئەم مەسەلەیە زیاتر لە هەموو شتێک دەربارەی دەقـی کتێبـی پیـرۆز ڕاسـتە، گێـڕانەوەی نێـو هێڵیـی دەقەکە شێواز یان ئایدیاڵی هەموو وەرگێڕانەکانە.

## دیدی من

دیدی من ماڵپەڕێکی کلتووریی کوردییە، لە لایەن چەند گەنجێکی باشووری کوردستانەوە لە هاوینی ٢٠١٦دا دروست کراوە و بەڕێوە دەبرێت، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی کارکردنی ڕۆژنامەوانی لە بابەتەکانی وەرگێڕان، ڕەخنە، چاوپێکەوتن، وتار و هەواڵی ڕۆژانە، بە شێوازێکی نوێ و بابەتییانە لە کایەی کلتووردا بە ئامانجی کاریگەریدانان لە کاری ڕۆژنامەوانیی کلتووریی کوردی، کار بکات.

ماڵپەڕەکە بەپێی توانای دیاریکراوی و لە پاڵ کاری ڕۆژنامەوانیی ڕۆژانە و بەردەوامی، هەوڵ دەدات ساڵانە چالاکییەک ڕێک بخات و تێیدا کۆمەڵێک باسی تایبەت بە کایەی کلتوور بکاتە مژار و گفتوگۆی لەسەر دروست بکات. تا ئێستا ٢ ئیڤێنتی کردووون: ڕۆژی نالی، کە لە ساڵڕۆژی بونیادنانی شاری سلێمانی لە ٢٠١٦\١١\١٤ بە هاوبەشی لەگەڵ زانکۆی ئەمەریکی لە عێراق – سلێمانی ڕێکی خست و هەر لە زانکۆکە بەڕێوە چوو، تێیدا پانێلێک بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک کەسایەتیی پسپۆڕ لە شیعری کلاسیک بە تایبەت و دنیای شیعریی نالیی شاعیری کورد بەڕێوە چوو و گفتوگۆ سەبارەت بەو ٢ تەوەرە کران، هاوکات لەگەڵ

چەند چالاکییەکی تری تایبەت بەو شاعیرە. هەروەها ئیڤێنتی دەرهێنەرێک لە زیندانەوە، کە لە ساڵڕۆژی لەدایکبوونی یەڵماز گونەی (٤\١١)، فیلمسازی کورد، بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوی کەشکۆڵ و سینەما سالم ڕێکی خست و تێیدا پانێلێکی تایبەت بەو سینەماکارە و قسەکردن لەسەر لایەنە شاراوە و خەفەکراوەکانی گونەی لە لایەن کەسانێکی پسپۆڕەوە، بەڕێوە چوو و بۆ ماوەی هەفتەیەک چەند فیلمێکی ئەو دەرهێنەرە لە سینەما سالم لە سلێمانی نمایش کران و چەند چالاکییەکی تریش بۆ ئەو یادە.

وەرگێڕان، کردەیەک زیاتر لە گۆڕینی وشە، سێیەم چالاکیی دیدی من بوو و تێیدا پانێلێک بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی وەرگێڕانەوە (٩\٣٠) پێشکەش کرا و هاوڕێ لەگەڵی چەند کورتەڤیدیۆیەکی چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند وەرگێڕێکی باشووری کوردستان و چەند بابەتێک دەربارەی وەرگێڕان، لە ماڵپەڕی کلتووریی دیدی من بڵاو کرانەوە. ئەم نامیلکەیەش بەشێکە لەو چالاکییە.

بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتر، پانێلەکە ئەم بابەتانەی خوارەوەی تێدا پێشکەش کرا:

- ڕەخنەی وەرگێڕان

لە لایەن گۆران ڕەسوڵ، ماستەر لە توێژینەوەی کوردی

- وەرگێڕانی پێچەوانە

لە لایەن ماری لابرۆس، دکتۆرا لە ئەدەبی کوردی

- ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوە و زمانە پەراوێزخراوەکان

لە لایەن دەیڤد شوک، خاوەنی دەزگای فۆنیم میدیا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- وەرگێڕان لە دیالێکتێک بۆ دیالێکتێکی تر

لە لایەن فەرهاد چۆمانی، وەرگێڕ

هەروەها بۆ بینینی کورتەڤیدیۆکان و خوێندنەوەی بابەتە وەرگێڕراوەکان و بگرە بۆ بینینی تەواوی چالاکییەکانی ماڵپەری کلتووریی دیدی من، دەتوانن سەردانی ماڵپەرەکە و پەڕەکانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکەن:

www.didimn.com
www.facebook.com/didimn.culture
www.instagram.com/didi.mn